ASUDA
Empower Women to Lead

CEASEFIRE
centre for civilian rights



# ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە قەیرانی پەنابەراندا:

## ئەو وانانەی کە فێریان بوین لە دەرەنجامی کارکردن لەگەڵ ژنان و کچانی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

© سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان و ڕێکخراوی ئاسودە شوباتی ٢٠١٩

ئەم ڕاپۆرتە بە هاوکاری دارایی (صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان) ئامادەکراوە. ناوەرۆکەکانی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بەرپرسیاریێتی لایەنی بڵاوکەرەوەیە و ناکرێت لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا بە ڕەنگدانەوەی پێگەی صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان هەژمار بکرێت.

ئەم ڕاپۆرتە ئامادەکراوە لە لایەن مریەم پۆتیک، بەڕێوەبەری پڕۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا لە سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان. بەشی ٣ و ٦ لە لایەن جۆشو ستاسی نوسراوە. بەشی چوارەم و شەشەم ئامادەکراوە لە لایەن ئیلاف خالد و سۆگاند ئەفکاری.

**سەنتەری سیسفایەر (وەستاندنی ئاگر) بۆ مافە مەدەنییەکان**

سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنییەکان دەستپێشخەرییەکی تازەیە بۆ گەشەپێدانی "چاودێرییەکی پێشرەویکراو لەلایەن خەڵکانی مەدەنییانیەوە" بۆ پێشێلکاریی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی یان مافەکانی مرۆڤ، بەمەبەستی لێپرسینەوەی یاسایی و سیاسی ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لەم جۆرە پێشێلکاریانە، هەروەها بۆ گەشەپێدانی پراکتیزەکردنی مافە مەدەنییەکان. سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنییەکان وەک دەزگایەکی خێری و کۆمپانیایەکی سنوردار تۆمارکراوە بە گرەنتیی لەژێر سایەی یاسای ئینگلیزی ڕێکخراوە خێرخوازیەکان ؛ ژمارەی ١١٦٠٠٨٣، یاسای کۆمپانیا سنووردارەکان ؛ ژمارە ٩٠٦٩١٣٣.

**ئاسودە**

ئاسودە ڕێکخراوێکی ناحکومی قازانج نەویستە کە لە ٢٠٠٠/٨/٢١ دامەزراوە. دیدی ئاسودە بریتییە لە دنیایەک کە ئافرەت تیایدا بە کەرامەتەوە بژی و توانای مومارەسەکردنی مافی یەکسانی هەبێت و دەستی بە سەرچاوەکان و هەلەکان بە شێوەیەکی یەکسان بگات ، کە تیایدا هەموو جۆرەکانی جیاکاری و پشتگوێخستن دژی ئافرەتان کۆتایی پێبهێنرێت، کە توندوتیژی جێگایەکی نەبێت لە ژیانی ئافرەتاندا. ئاسودە هەوڵدەدات کە ژینگەیەکی ئارام فەراهەم بکات بۆ ئافرەتان، بە دوور لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کەتیایدا بەمافەکانیان شاد بن و ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی یەکسان لە بەرامبەر یاسادا بەجێ بگەیەنن. سوودمەندبن لە دەقەیاساییەکان. ئاستی هوشیاریان بەرز ببێتەوە و داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، هەروەها پێشەنگی بەرنامەکانی گەشەپێدان بکەن کە سود بە کۆمەڵەکانیان بگەیەنێت.

نەخشەسازیی ئەم راپۆرتە لەلایەن (ستاشا سوکیک)ەوە کراوە.

بابەتەکانی ئەم بڵاوکراوەیە دەکرێت بەکاربهێنرێتەوە بۆ مەبەستی فێرکاری یان هەرمەبەستێکی تری قازانج نەویست، بە سەرچاوەرێژیی پێویستەوە. هیچ بەشێک لە ڕاپۆرتەکە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک بەکاربهێنرێتەوە بۆ مەبەستی بازرگانی بەبێ ڕەزامەندی پێشوەختی ئەولایەنانەی کە مافی بڵاوکردنەوەیان هەیە... ئەم راپۆرتە لە شوباتی ٢٠١٩ دا  بڵاوکراوەتەوە.



**وێنەی بەرگ**:
دارەشکەران غ پەنابەرانی سوری لە کۆبانی سەتڵێک ئاوی هەڵگرتبوو بۆ خێوەتەکەی، کەمپی دارەشکەران پارێزگای هەولێر – عێراق

© Florian Seriex – Acción contra el Hambre

# ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە


| | | |
|---|---|---|
| ١ | **پێشەکی** | **4** |
| | میتۆدی کارکردن | 4 |
| ٢ | **باکگراوند: پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق** | **5** |
| ٣ | **جۆرەکانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری دژی کچان و ژنانی سوری** | **6** |
| ٤ | **دەربەدەربوون، ڕۆڵی جێندەر، و توندوتیژی: بۆچونی ژنان و پیاوانی پەنابەران** | **8** |
| | گۆڕانکاری لە ڕۆڵی جێندەر لە دەربەدەربوون | 9 |
| | تەندروستی دەرونی و چیرۆکی ڕۆژانە | 10 |
| | ئاستی توندوتیژی لە ناو ماڵاندا | 10 |
| | بەهێزکردنی توانای ژنان لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە | 10 |
| | پەیوەندیەکانی خانەخوێ | 11 |
| | پیاوان و کوڕان وەک قوربانی توندوتیژی جێندەری | 11 |
| | چارەسەرەکان بۆ توندوتیژی | 11 |
| | جێندەری و ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومیەکان | 11 |
| ٥ | **دیراسەکردنی حاڵەت: پڕۆژەی ئاسودە و سەنتەری سیسفایەر** | **11** |
| | خستنەڕووی پڕۆژەکە | 12 |
| | دەرەنجام و سەرکەوتنەکان | 14 |
| | وانەکان و ڕێگریەکان | 16 |
| ٦ | **وانەکان لە بوارێکی فراوانتردا** | **18** |
| | نەخشەی خزمەتگوزاریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق | 18 |
| | نەخشەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی جێندەری | 18 |
| | ڕاپرسی پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاریەکان | 19 |
| | چاوپێکەوتن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار | 19 |
| | دیدی خاوەن بەرژەوەندیەکان | 19 |
| ٧ | **کۆتای و ڕاسپاردەکان** | **23** |
| | **سەرچاوەکان** | **24** |

1

# ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە قەیرانی پەنابەراندا:

**ئەو وانانەی کە فێریان بوین لە دەرەنجامی کارکردن لەگەڵ ژنان و کچانی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا**

## ١. پێشەکی

ژنان و کچانی پەنابەری سوری زۆرترین ڕوبەڕوی توندوتیژی جێندەری دەبنەوە لە سەرتاسەری جیهاندا.[1] توندوتیژی جێندەری لە باوترین دەرەنجامەکانی جەنگ و ناکۆکیەکانن کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ژنان و کچان کە وادەکات وڵاتەکەیان جێبهێڵن و ترس بەجێدەهێڵێت لەسەر دەروونیان. دەربەدەربون بۆخۆی هۆکاری سەرەکی توندوتیژین کە وادەکات ژنان و کچان ناچاربن وولاتەکەیان بەجێبهێڵن بە بێ هاوەڵی و پشت دەبەستن بە چەند کەسێک کە لەوانەیە سوود لە لایەنی لاوازیان وەربگرن. لەکۆتاییشدا توندوتیژی جێندەری ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە لە ناوخۆ و دەرەوەی کەمپەکاندا. نارێکی لە نیشتەجێبوون، هەستکردن بە نەبونی ئاسایش، خراپی باری ئابوری و تێکچونی شیرازەی خێزان لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەرزبونەوەی ڕێژەی توندوتیژیە کە وادەکات پەنابەرێت بۆ هاوسەرگیری پێشوەخت و لەشفرۆشی.

قەیرانی پەنابەرانی سوری بەدەرنیە لەم دیاردەیە. دوابەدوای هەڵگیرساندنی ناکۆکیەکان لە ٢٠١١، بە ملیۆنەها سوری ناچاربوون سنوری وڵاتەکەیان ببڕن و پەناگەیەکی ئارام بدۆزنەوە لە وولاتانی دراوسێیان لە هەرێمەکەدا: تورکیا، لوبنان، ئوردن، میسڕ و عێراق. زیاتر لە ٢٥٠،٠٠٠ ئاوارەبون لە عێراق، نیشتەجێبوون لە ناوەوە و دەرەوەی کامپەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەرێمی کوردوستانی عێراق.[2] لە عێراق و هەرێمی کوردستان بارودۆخی سوریەکان وابەستەی زیادبونی ڕێژەی توندوتیژیە و UNHCR یش ئاماژەی بەوە کردوە کە "کچان و ژنانی پەنابەری سوری ڕووبەڕوی مەترسیەکی زۆری توندوتیژی و خراپ بەکارهێنان دەبنەوە"[3]

لەم بوارەدا، هەریەک لە ئاسودەوسەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان، پرۆژەیەکی دووساڵیان جێبەجێکرد (٢٠١٧–٢٠١٩) بە مەبەستی تیشکخستنە سەر توندوتیژی جێندەری لە نێوان کۆمەڵگای سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە هاوکاری دارایی یوئێن ترەست فەند بۆ کۆتایهێنان بە توندوتیژی دژی ژنان. چالاکیەکانی پرۆژەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەنجام دراون کە بە دۆکیمێنت کردنی توندوتیژی کەیسەکانی توندوتیژی جێندەری لەخۆدەگرێت، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێوان ژنان و کچان و پیاوان و کوڕان و هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی لەخۆدەگرێت.

ئەم ڕاپۆرتە دەرەنجامی کارکردنی دوو ساڵی کارکردنە لەگەڵ کچان و ژنانی پەنابەری سوری و ئامانج لێی پیدانی ئەو وانانەیە بەمبەستی بەرچاو ڕۆشنی بۆ داهاتووی هاوکاریەکان. هەروەها وەرگرتنی بۆچونی کچان و ژنانی پەنابەری سوریە. دەرخستنی وێنەی تەواوی ئاستەنگەکانە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە. دەکرێت سود لەم ڕاپۆرتە ببینرێت لەلایەن ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان و دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەکادمیەکان و توێژەران و هەر لایەنێکی تر کە کاردەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری لە چوارچێوەی قەیرانی پەنابەرانی سوری و هەر چوارچێوەیەکی تردا.

### میتۆدی کارکردن

ئەم ڕاپۆرتە شێوازی فرە ڕەهەندی لەخۆگرتووە. بەشی دووەم توێژینەوە لەخۆدەگریت لەسەر پێدانی کورتەیەک لەسەر قەیرانی سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بەشی سێهەم بۆچونی پەنابەرە سوریەکان لەخۆدەگرێت لەسەر ڕۆڵی جێندەر، دەربەدەربون و توندوتیژی لەدەرەنجامی هەشت گفتوگۆی چڕ کە لەگەڵ ژنان و

پیاوانی سوری ئەنجام دراون لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٩. بەشی چوار لەسەر زانیاری سەرەتای و سەرەکی باسکراوە کە کۆکراونەتەوە لە ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٩ لە میانەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربوانی توندوتیژی. بەشی پێنجەم پڕۆژەی ئاسودە و سیسفایەر لەسەر بنەمای بەلگەنامەی فەرمی پڕۆژەکە، تێبینیەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ستافی پرۆژەکە باسکراوە. لە بەشی کۆتایی و شەشەمدا چاوپیاخشاندنەوەی زانیاریە لاوەکیەکان و نەخشەی پڕۆژەکان و هەروەها شیکردنەوەی زانیاریە سەرەکیەکان کە کۆکراونەتەوە لە ڕێگەی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنە فەرمیەکانەوە.

## ٢. باکگراوند: پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق

دوابەدوای بەرپابونی ناکۆکیەکان لە سوریا لە ساڵی ٢٠١١، حکومەتی هەرێمی کوردستان سنورەکانی خۆی کردەوە بە ڕووی باکوری سوریا هەروەک وڵاتانی تر پێشوازی کرد لە هاوڵاتیانی سیڤیل کە لە ترسی شەڕو توندوتیژی وولاتەکایان بەجێهێشتبو. سەرەتای هاتنی پەنابەرانی سوری بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٢ بو و دواتریش ژمارەکە چەند هێندە بوو لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤. زۆربەی ئەوانەی کە ئەهاتن بۆ هەرێمی کوردستان کوردانی سوریا بوون لە پاریزگاری حەسەکە لەپاڵ ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەر لە پارێزگاکانی تری وەک دیمەشق و ئەلێپۆ لەنێوانیشیدا کورد و عەرەبیان تیادابوو. لە ئێستادا نزیکەی ٢٥٢،٤٥١ پەنابەری سوری لە عێراق تۆمارن کە نیشتەجێی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکن لە هەرێمی کوردستانی عێراق (تەماشای خشتەی ژمارە ١). لەسەدا ٦٣ ی پەنابەرانی سوری لە دەرەوەی کەمپەکان ژیان بەسەردەبەن لە شوێنانی دورەدەست و دەرەوەی شارەکان. لە سەدا ٣٧ ەکەی تر دابەشبون بەسەر نۆ کەمپ دا: کەمپەکانی دۆمیزی ١ و ٢، داراشکەران، کاوێرگۆسک، گاویلْیان، عەربەت، قوشتەپە، باسرمە و ئاکرێ.

سەرەتای هاتنی پەنابەرانی سوری هاوکاتبوو لەگەڵ ناجێگیری باری ئابوری لە هەریمی کوردستانی عێراق. پێشوازیەکی باش کرا لە پەنابەرەکان لە لایەن خەڵک و حکومەتی هەرێمەوە و مۆڵەتی کارکردنیان پێدرا.[4] زۆربەی

نەخشەی ١: پەنابەرانی نیشتەجێ لە لایەن حکومەتەوە

| پارێزگای هەولێر | |
|---|---|
| **شوێن** | **ژمارەی دانیشتوان** |
| کەمپی دارەشکەران | 11,608 |
| کەمپی قوشتەپە | 7,900 |
| کەمپی کاوەرگۆسک | 7,951 |
| کەمپی باسرمە | 3,112 |
| **کۆی نیشتەجێ بوی ناو کەمپەکان :** | **30, 571** |
| **کۆی نیشتەجێی دەرەوەی کەمپەکان :** | **90,126** |
| **کۆی گشتی :** | **120,697** |

| پارێزگای دهۆک | |
|---|---|
| **شوێن** | **ژمارەی دانیشتوان** |
| کەمپی دۆمیزی ١ | 33,977 |
| کەمپی دۆمیزی ٢ | 10,574 |
| کەمپی ئاکرێ | 1,102 |
| کەمپی گاویلیان | 8,934 |
| **کۆی نیشتەجێ بوی ناو کەمپەکان :** | **54,587** |
| **کۆی نیشتەجێی دەرەوەی کەمپەکان :** | **33,860** |
| **کۆی گشتی :** | **88,447** |

| پارێزگای هەولێر | |
|---|---|
| **شوێن** | **ژمارەی دانیشتوان** |
| کەمپی عەربەت | 8,940 |
| **کۆی نیشتەجێ بوی ناو کەمپەکان :** | **8,940** |
| **کۆی نیشتەجێی دەرەوەی کەمپەکان :** | **23,401** |
| **کۆی گشتی :** | **32,341** |

*Source: UNHCR, January 2019.*

پیاوانی سوری کاریان دەست کەوت لە سێکتەرە جیا جیاکاندا[5] و هەندێکیشیان هەر لە ناوخۆی کەمپەکاندا پڕۆژەی بچوکی خۆیان دانا.[6] حکومەت ڕێگەی دا کە پەنابەرەکان خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەیان پێبگات لەگەڵ هەبونی چەند ڕێگریەک کە نەیدەهێشت هەمویان سودمەند بن لە خزمەتگوزاریەکان.[7]

لە دوای ٢٠١٤, قەیرانەکانی ئابوری و سیاسی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان بوە هۆی خراپتر کردنی بارودۆخی پەنابەرانی سوری. هاتنی داعش بوە هۆی ئاوارەبونی ١.٥ ملیۆن کەس بۆ هەرێمی کوردستان ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە هاوکاریەکان دابەش بن لەنێوان پەنابەرانی سوری و ئاوارەی ناوخۆ.[8] لەهەمان کاتدا ئابوری کوردستانیش زیانی زۆری بەرکەوت بەهۆی ناکۆکیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغداد و دابەزینی لەناکاوی نرخی نەوت و کەمبونەوەی وەبەرهێنانی بیانی.

هاوکات لەگەڵ قەیرانەکاندا, گەشەی ئابوری دابەزینی بەخۆیەوەبینی لە ٨٪ بۆ ٣٪ لە نێوان سالآنی ٢٠١٣و ٢٠١٤.[9] ڕێژەی هەژاری بەرزبویەوە لە ٣.٥ لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ ٨.١ لە ساڵی ٢٠١٤.[10] نرخی کرێی خانو و خواردن و کاڵاکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبونەوە.[11] سێکتەری خانوبەرە کە زۆربەی پەنابەرانی سوری کاریان تیادا دەکرد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەربوو بە قەرانەکە کە چەندین کۆمپانیای بچوک مایە پوچبونی خۆیان ڕاگەیاند.[12] داواکاری لەسەر دەستی کار لە سێکتەرە جیاجیاکاندا دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی.[13] لە ڕاپرسیەکدا کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامدرا لە نێوان پەنابەرانی سوری لە کەمپەکاندا لە هەرێمی کوردستانی عێراق, لە سەدا ٤٧ ی ئەوانەی کە وەڵامیان دایەوە بەوەی کە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نیە لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا و لە سەدا ٦٥ باسیان لەوەکردوە کە ئەو داهاتەی دەستیان دەکەوێت بەس نیە بۆ پڕکدنەوەی پێداویستیە سەرەتاییەکانیان.[14] لە ڕاپرسیەکدا کە لەساڵی ٢٠١٥ کراوە بۆ پەنابەرانی سوری نیشتەجێی دەرەوەی کەمپەکاندا, لە سەدا ١٢ ئاماژەیان بەوە کردوە کە خواردنی پێویستیان نیە لە حەوت ڕۆژی داهاتودا.[15]

کەمبونەوەی توانای پەنابەرانی سوری لە دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانیان کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر بارودۆخی کچان و ژنان. قەیرانەکە هاوتەریبە لەگەڵ زیادبونی ڕێژەی توندوتیژی سێکسی و جێندەری لە نێو پەنابەرانی سوری دا. بەتایبەتی نمونەی توندوتیژی هاوبەشەکان و هاوسەرگیری منداڵ و لەشفرۆشی.[16]

## ٣. جۆرەکانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری دژی ژنان و کچانی پەنابەری سوری

ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە وەک بەشێک لە پرۆژەی ئاسودە و سیسفایەر جۆرەسەرەکیەکانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری دەردەخەن دژی ژنان و کچانی پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ستافێک کە پێکهاتوون لە شەش توێژەر و لەلایەن ڕێکخراوی ئاسودەوە ڕاهێنانیان پێکراوە بەمەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لە ناوەوە دەرەوەی کەمپەکان.

### ڕاستیەکان و ژمارەکان

لەنێوان سێپتەمبەری ٢٠١٧ بۆ یەنایەری ٢٠١٩، تیمی توێژەرانی پرۆژەکە ٣٨٥ کەیسی توندوتیژیان تۆمار کردووە لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

لەناو کەیسەکاندا, ئەوژنانەی کە هاوسەریان کردووە و لەتەمەنی منداڵبوندان زۆرترین ڕێژە پێکدەهێنن کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. لەسەدا ٧٩ ی

نەخشەی ژمارە ٢:خستنەڕووی کەیسەکان بەگوێرەی تەمەنی قوربانیەکان



قوربانیەکان تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٥٠ساڵیدایە. ژنان لەنێوان تەمەنی ٢٦ بۆ ٣٥ زۆرترین ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە کە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا ٣٨ ی سەرجەم کەیسەکان. لەسەدا ٨٠ ی سەرجەم کەیسەکان ئەو ژنانەن کە هاوسەرگیریان کردووە.

زیادترین جۆری توندوتیژی کە لەلایەن ژنەکانەوە باسکراوە توندوتیژی سۆزداری و دەروونی بووە و دواتریش توندوتیژی جەستەیی. جۆرەکانی تری توندوتیژی کە باسکراون توندوتیژی سێکسی و ئابوری و گێچەڵی سێکسی و هاوسەرگیری بەزۆر لەخۆدەگرێت. بەشێکی زۆری ژنان باسیان لەوە کردووە کە ڕووبەڕووی زیاتر لە جۆرێک توندوتیژی بوونەتەوە. بۆ نمونە، توندوتیژی جەستەیی زۆربەی کاتەکان هاوکات بووە لەگەڵ توندوتیژی سۆزداری و دەروونی و هەندێ جاریش توندوتیژی سێکسی.

لە زۆربەی کەیسەکاندا (لەسەدا ٦٤)، ئەنجامدەری توندوتیژیەکە هاوسەری ژنەکە بووە. ئەوانەی تر وەک کەسوکاری پیاوەکە (لە سەدا ١١)، کۆمەڵگا (لەسەدا ١٠)،

نەخشەی ٣: خستنەڕووی کەیسەکان بە گوێرەی باری خێزانی قوربانیەکە




شێوەی ٣: دابەشبوونی کەیسەکان بەپێی شێوازەکانی توندوتیژی



نەخشەی ٥: خستنەڕووی کەیسەکان بە گوێرەی ئەنجامدەری توندوتیژیەکە




دایک و باوک، هاوبەشی سۆزداری، و برا (نەخشەی ژمارە٦). لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ژنان باسیان لە زیاتر لە یەک ئەنجامدەر کردووە. بۆ نمونە ژنێک توندوتیژی بەرامبەر کراوە لە لایەن هاوسەرەکەیەوە و لە هەمانکاتدا توندوتیژی سێکسی لە لایەن کۆمەڵگاکەیەوە.

ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە لە پرۆژەکەدا ئەوە نیشاندەدات کە توندوتیژی هاوبەشی سۆزداری باوترین جۆری توندوتیژیە کە ڕووبەڕووی ژنان و کچانی پەنابەری سوری دەبێتەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە. بەشێکیان بۆ ئەوەی دەگێڕنەوە کە بارودۆخی داراییان خراپە. نەتوانینی دابینکردنی پێداویستیەکانی ماڵ هۆکاری سەرەکی فشارەکانن کە دواتر دەگۆڕێن بۆ توندوتیژی. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی ژنان سەرچاوەی داهاتن بۆ ماڵەکانیان، هەندێک جار پیاوەکان دەستدەگرن بەسەر داهاتی ژنەکانیان و یاخود هەر ڕێگەیان پێنادەن کاربکەن. ئەو ژنانەش کە راستەوخۆ پشت دەبەستن بە هاوسەرەکانیان، زۆر بە لاوازی دەمێننەوە کاتێک هاوسەرەکانیان بەجێیان دەهێڵن.

هاوسەرگیری پێشوەخت و گێچەڵی سێکسی لە باوترین جۆرەکانی تری ئەوکێشانەیە کە ڕووبەڕووی ژنان و کچان دەبێتەوە. ژنێک کە هاوسەرگیری نەکردووە و یاخود ئەو ژنانەی کە جیابونەتەوە لە هاوسەرەکانیان زۆرتر ڕووبەڕووی گێچەڵ دەبنەوە. لەو خێزانانەدا کە پیاوەکە توانای کارکردنی نیە، ژنان کە ناچاردەبن کاربکەن زیاتر ڕووبەڕووی ترسی گێچەڵ دەبنەوە. ئەو ژنانەی کە لەدەرەوە کاردەکەن زیاتر ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە.

## ٤. دەربەدەربوون، ڕۆڵی جێندەر، و توندوتیژی: بۆچونی ژنان و پیاوانی پەنابەر

بەمەبەستی وەرگرتنی بۆچونی ژنان و پیاوانی پەنابەری سوری لەسەر دەربەدەربونیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و بۆچونیان لەسەر هۆکارو چارەسەرەکانی توندتیژی جێندەری، هەشت کۆبونەوە ئەنجامدرا بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە. دوو لە کۆبونەوەکان لە هەولێر، دوو لە دهۆک و چوار کۆبونەوەش لە سلێمانی ئەنجام دران، بە ئامادەبونی ٢٧ژن و٢٢ پیاو لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان. دەرەنجامی گفتوگۆکان دەریانخستوە کە گۆڕنکاری لە ڕۆڵی جێندەر، قورسی دۆزینەوەی هەلی کار، ئاستەنگی بەدەستهێنانی مۆڵەتی

نەخشەی ژمارە ٦: ووردەکاری کۆبونەوەی بەشداربوان

| | | کۆبونەوەی یەکام | کۆبونەوەی دووەم | کۆبونەوەی سێهەم | کۆبونەوەی چوارەم | کۆبونەوەی پێنجەم | کۆبونەوەی شەشەم | کۆبونەوەی حەوتەم | کۆبونەوەی هەشتەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شار | | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | دهۆک | دهۆک | هەولێر | هەولێر |
| ڕەگەز | | ژن | پیاو | پیاو | ژن | ژن | پیاو | ژن | پیاو |
| ژمارەی بەشداربوان | | 5 | 6 | 2 | 7 | 8 | 8 | 7 | 6 |
| شوێن | | دەرەوی کەمپ | دەرەوی کەمپ | دەرەوی کەمپ | دەرەوی کەمپ | ناو کەمپ | ناو کەمپ | دەرەوی کەمپ | دەرەوی کەمپ |
| تەمەن | 15-19 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 | 0 | 2 |
| | 20-29 | 0 | 3 | 0 | 3 | 0 | 1 | 3 | 3 |
| | 30-39 | 1 | 1 | 2 | 2 | 3 | 3 | 1 | 1 |
| | 40-49 | 0 | 1 | 0 | 1 | 5 | 3 | 3 | 0 |
| | 50-59 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| پیشە | پیشەدار | 3 | 5 | 0 | 2 | 1 | 5 | 1 | 3 |
| | بێ پیشە | 2 | 1 | 2 | 5 | 7 | 3 | 6 | 3 |
| پێدانی زانیاری خودی لەسەر تەندروستی دەرونی | زۆر خراپ | 0 | 0 | 0 | 1 | 4 | 3 | 3 | 0 |
| | خراپ | 2 | 0 | 2 | 0 | 1 | 1 | 0 | 3 |
| | ناوەند | 1 | 5 | 0 | 2 | 2 | 4 | 4 | 0 |
| | باش | 2 | 1 | 0 | 4 | 1 | 0 | 0 | 3 |
| | زۆر باش | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| باری خێزانی | خێزاندار | 4 | 5 | 2 | 5 | 7 | 7 | 7 | 4 |
| | ڕەبەن | 1 | 1 | 0 | 2 | 0 | 1 | 0 | 2 |
| | جیابووەوە | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 |

نیشتەجێبون و پەیوەندیەکان لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ ڕۆڵیان هەبووە لەسەر تەندروستی دەروونی ژنان و پیاوانی پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

لەدەرەنجامدا ڕێژەی توندوتیژی جێندەری بەرزترە بەبەراورد لەگەڵ پێش پەنابەریان. سەرەڕای هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی ژنان، بە لاوازی ماونەتەوە لە ماڵەوەودەرەوەی ماڵەکانیاندا. لەگەڵ ئەمانەشدا پیاوان و کوڕان لاوازن لە بەرامبەر جۆرەکانی توندوتیژیدا. (نەخشەی ژمارە ٦)

.

## گۆڕانی ڕۆڵی جێندەر لە کاتی دەربەدەربوندا

بەرپرسیارێتی ماڵداری، بەتایبەتی لە بەکرێگرتن و پارەدا، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە
ژنێک، سلێمانی

سەرجام بەشداربوانی کۆبونەوەکان دانیان بەوەدا ناوە کە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی ڕوودەدات لە ڕۆڵی جێندەر لە کاتی دەربەدەربوندا؛ ژنان پێویستە کاربکەن بۆدابینکردنی هاوکاری دارایی خێزانەکەیان لەبەرئەوەی هاوسەرەکانیان داهاتی تەواو پەیدا ناکەن یاخود هەر کارناکەن. لە پیاوەکاندا تەنها دوو پیاو پێیان وابوو کە ڕۆڵی جێندەر گۆڕانی بەسەردا نایەت بە ئاوارەبون. هەموو پیاوەکانی تر پشتگیری بۆچونەکەیان دەکرد؛ هەندێکیش باسیان لەوە دەکرد کە هاوکاری خێزانەکانیان دەکەن. هەندێجار پیاوان ناتوانن کار بدۆزنەوە و خێزانەکانیان پێویستە بەدوای کاردا بگەڕێن. ئەو ژنانەی کە بەژداری کۆبونەوەکان بوون کاریاندەکرد وەک مامۆستا بۆ پەنابەرەکان یاخود لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کاریان دەکرد؛ پیاوەکانیش زیاتر وەک کرێکار یاخود وەکو شێف یان لە نەخۆشخانەکاندا.

هەریەک لە ژنان و پیاوانیش پێیان وابوو کە کاتێک ژنێک کاردەکات، ئەوە وا باشە بۆ پەیوەندیەکەیان کە ژنەکەو هاوسەرەکەشی پێکەوە کاربکەن. پیاوان دان بەوەدا دەنێن کە بۆ ئەوان قورسە ئەگەر ژنەکان بە تەنها کاربکەن. یەکێک باسی لەوەدەکرد و وتی ”هەست بە لاوازی دەکەین کە دەبینین ژنەکانمان کاردەکەن و ئێمەش ناتوانین ئیش

بدۆزینەوە“. بەشێک لە ژنان باسیان لەوە دەکرد بۆیە نایانەوێت کار بکەن لەبەر ئەوەی دەیانەوێت کاروباری ماڵ بکەن: ئامادەکردنی خۆاردن، پاککردنەوە و چاودێری منداڵەکان. تەنانەت ئەگەر هەردوو هاوسەرەکە کاربکەن یاخود تەنها ژنان کاربکەن، ئێشتا بەرپرسیارێتی ماڵ و مندال هەر لە ئەستۆی پیاودایە.

## تەندروستی دەروونی و فشاری ڕۆژانە

لەکۆی ٢٧ ژن و ٢٢ پیاو کە بەژداری کۆبونەوەکانیان کردبوو، ١١ ژن و ٩ پیاو باسیان لە خراپی تەندروستی دەرونیان کردووە. ٩ پیاو و ٩ ژن باسیان لەوە کردوە کە لە بارێکی دەروونی ئاساییدان. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێک کە لە هەولێر بەشداری کردبوو وتی ”ئەگەر بڵێین باشە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەناڵێنین بەدەست ئەو بارودۆخەی کە تیایداین و پێمان وایە ناگۆڕێت“ زۆرینەی پیاوان و ژنان باسیان لەوەدەکرد کە گەورەترین سەرچاوەی فشار کەمتوانایی ئێمە لە دانی کرێی خانوو و خەرجیەکان و دۆزینەوەی کار. بارقورسی دارایی گەورەترین سەرچاوەی ناکۆکیەکانی نێوان ژن و پیاوە لە خێزاندا. ژنێ ووتی ” پێویستمان بە پارە و کارکردنە بۆئەوەی دەروونێکی تەندروستمان هەبێت“. هۆکارێکی تری فشارەکان بریتیە لە بەدەستهێنانی مۆڵەتی نیشتەجێبون هەمو ساڵێک کە خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

## ڕێژەی توندوتیژی لە ناو ماڵدا

> لەدەرەنجامی شەڕ و ناکۆکیەکان، پیاوان بێکاربون و هاوکاری نەدەکران...
> بەهۆی خراپی بارودۆخی کارکردن، توندوتیژی جێندەری، کەزۆبەی کات ئەنجامدەدرێت لەلایەن پیاوانەوە دژی ژنان، زیادیان کردووە
> **بەڕێوەبەری کەمپی دۆمیزی ١**

هەموو بەژداربوانی کۆبونەکان، ژنان و پیاوان، دانیان بەوەدا ناوە کە فشاری ژیانی ڕۆژانەیان بەهۆی ئاوارەبونەوە، بەتایبەتیش فشاری داریی و نەدۆزینەوەی کار بووەتەهۆکاری زیادبوونی توندوتیژی جەستەیی و سۆزداری دژی ژنان لەلایەن هاوسەرەکەیانەوە لە نێوان کۆمەڵگای پەنابەرانی سوریدا. ڕپۆرتەکە ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ژنان فشارەکانیان بە قسەی خراپ دەردەبڕن دژی هاوسەرەکانیان و بەشێوەی توندوتیژی دەروونی و جەستەیی دژی منداڵەکانیان. بەشێک لە ژنان لە سلێمانی ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەشێک لە توڕەیی پیاوان سەرچاوە دەگرێت لە خراپ مامەڵەکردنی خەڵکانی خانەخوێ کە زۆربەی کاتەکان لاوازیان بە هەل وەردەگیرێت و مافیان پێشێل دەکرێت

لەناو کەمپەکانیشدا، بەشداربوانی کۆبونەوەی کەمپی دۆمیزی ١ ئاماژەیان بەوە کرد کە نزیکەی ٥٠٪ ی پیاوان هاواردەکەن بەسەر ژنەکانیان و لێیان دەدەن، لەلایەکی ترەوە ٥٠٪ ی ژنان هاواردەکەن بەسەر پیاوەکانیاندا. هەمان پرسیار کە کرا لە پیاوان، پیاوانی بەشداربوو لە کۆبونەوەکەدا ئاماژەیان بەوەکرد کە نزیکەی ٣٠٪ بۆ ٤٠ ی پیاوان لە ژنەکانیان دەدەن و ٦٠٪ ی ژنان هاواردەکەن بەسەر هاوسەرەکانیاندا. هەردوو گروپەکە هاوڕابون کە نزیکەی ٣٪–٥ ی پیاوان لە کەمپەکاندا لەوانەیە هەرەشەی کوشتن لە ژنەکانیان بکەن ئەگەر ژنەکانیان توندوتیژیەکان باسبکەن بۆ ڕێکخراوەکان یاخود کارگێڕی کەمپەکان.

## بەهێزکردنی توانای ژنان لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە

پیاوان و ژنان دان بە گرنگی ڕۆڵی ڕێکخراوەکاندا دەنێن لە بەهێزکردنی توانای ژنان. لە کەمپەکاندا لە دهۆک، ژنان ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە بەهێزکردنی توانای ژنان بە ئیجابی دەبینن. پیاوان دودڵی خۆیان دەربڕی لەوەی کە ڕێگا کۆنەکانی چارەسەری کێشە لە زەواج و ناکۆکیە خێزانیەکان بە ڕێسا عەشایریەکان جێگایان پێگیراوەتەوە بە سیستەمی یاسایی هاوچەرخ کە وادەکات ژنان زیاتر چاو کراوە بن بە مافەکانیان و ڕێگاکانی خۆپاراستن کە بە دەرەنجام دەبنە هۆکاری ناکۆکی لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا. ڕێکخراوەکان کاردەکەن بۆ چەسپاندی مافی ژنان لە ناوماڵدا. کاتێک دێتە سەر بەهێزکردنی توانای ژنان و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەژداربووە ژنەکان پێیان وابوو کە بەژدارییپێکردنی پیاوان و کوڕان هاوکاردەبن لە چارەسەری کێشەکاندا.

## پەیوەندی کۆمەڵگای خانەخوێ

لەسەدا ٦٠ ی ئێمە لە کۆمەڵگای خانەخوێ دەترسین
لەکاتێکدا لە لەسەدا ٤٠ ی پەنابەرانی سوری دەترسین.
پێشتر هەستمان بە ئاسایشی زیاتر دەکرد.
ژنێک، سلێمانی

لەگەڵ ئەوەی هەموو بەشداربوانی کۆبونەوەکان باسیان لە ڕێژەی توندوتیژی ناو ماڵ دەکرد، بەشداربوان لە هەولێر و سلێمانی باسیان لەوەدەکرد کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لە لایەن کۆمەڵگای خانەخوێ زیاتر لەوەی کە لە کۆمەڵەکانی خۆیان هەیە. ژنان لە سلێمانی باسیان لەوەدەکرد کە ئەمەش زیاتر بەهۆی جیاوازی شێوەزاری قسەکردنیانە کە کرمانجیە و سلێمانی و هەولێر سۆرانیە. جیاوازی ئەم دوو شێوەزارەش زۆرە و زۆربەی کات ناچار دەبن بە زمانی عەرەبی قسەبکەن و وا سەیر بکرین کە کەسانی خراپن. ژنێک باسی منداڵەکەی دەکات کە لێی دەپاڕێتەوە بە کرمانجی قسە نەکات لە شوێنە گشتیەکاندا. ژنانی سوری بە بەردەوامی ڕووبەڕوی هەراسانکردن دەبنەوە و پێیان دەلێن کە لە کورسی پێشەوە دابنیشن تەنانەت کە بەتەنهان. لەگەڵ داواکردنی ژمارە تەلەفۆنیان و تێڕوانینی ئەوەی کە دەکریت داوای سێکسیان لێبکرێت. زۆربەی ژنان باسیان لەوە دەکرد کە حەزناکەن بە تەنها بڕۆنە دەرەوە یاخود تەنانەت لەگەڵ ژنانی تریشدا.

کۆمەڵێکی زۆر لە بەژداربوان باسیان لەوە کرد کە پیاوان و ژنان هەست بە لاوازی دەکەن کە مۆڵەتی نیشتەجێبونیان نوێ دەکەنەوە. ئەوانەی تر ئاماژەیان بەوە کرد کە پیاوانیش ڕووبەڕوی گێچەڵ دەبنەوە کاتێک دەزانرێت کە سورین. لە لایەکی ترەوە ئەم بابەتە زۆر ڕوونادات لە دهۆک بەهۆی لێکچونی شێوەزارەکانیانەوە. یەکێک لە بەشداربووەکان لە سلێمانی باسی لەوە کرد کە خاوەن خانوویەک رەتی کردۆتەوە کە خانوو بدات بە کرێ بە پەنابەری سوری. بەشداربوویەکی تر لە هەولێر باسی لەوە ئەکرد کە بە زارەکی هەراسان کراون.

## پیاوان و ژنان وەک قوربانی توندوتیژی جێندەری

بەشێوەیەکی گشتی، پەنابەران دان بەوەدا دەنێن کە پیاوان و کوڕان دەکرێت ببنە قوربانی توندوتیژی سێکسی، بەڵام ئاماژەیان بە کەیسێکی دیاریکراو نەکرد. ئاماژەیان بەوە کرد کە پیاوانی سوری ڕوبەڕووی توندوتیژی سێکسی بونەتەوە لە بەندینخانەکاندا لە سوریا لە کاتی ناکۆکیەکاندا. دوان لە بەژداربوەکان باسیان لە کەیسێکی دەستدریژی سێکسی کردووە دژی دوو کوڕ. زۆربەی بەژداربوان پێیان وابوو کە پیاوانیش ڕووبەروی توندوتیژی سۆزداری دەبنەوە. هەندێک لە ژنان لە سلێمانی لەوە تێدەگەن کە کارکردن بە منداڵ دەکریت توندوتیژی جێندەری دروست بکات.

زۆرێک لە بەشداربوانی کۆبونەوەکان ئەزمونیان هەبوو لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن بەمەبەستی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی جێندەری. بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر کاریگەری ئەم جۆرە بەرنامانە. لە یەکێک لە کۆبونەوەکان لە سلێمانی، هەموو بەشداربوانی کۆبونەوەکە باسیان لە خزمەتگوزاریەکانی سایکۆسۆشیەڵ دەکرد بەشێوەیەکی ئەرێنی. لە بابەتەکانی تر کە بەشداربوان بە گرنگی باسیان دەکرد وەک هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان لەسەر سەلامەتی. لە بابەتە نەرێنیەکانیش وەک خزمێنە و نەبونی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراوەکاندا.

لەسەر بابەتی دەستێوەردانەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەری، زۆرێک لە بەشداربوان باسیان لە دۆزینەوەی هەلی کار دەکرد وەک زۆرترین پێویستی. هەندێک گلەیی ئەوەیان دەکرد کە بۆچی گرێبەستەکانیان لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا وەک خۆبەخش کۆتایی هاتووە و هەندێکی تریان باسیان لەوەدەکرد کە زۆربەی هەلی کارەکان دەدرێت بە خەڵکانی خانەخوێ بەشێکی لەبەرئەوەی کە ئەزمونیان زیاترە و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ خزمێنە.

## ٥. دیراسەکەردنی حاڵەت: پڕۆژەی ئاسودە و سیسفایەر

"باشترکردنی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوەی توندوتیژی سێکسی و جێندەری بەرامبەر کچان و ژنانی پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق" پڕۆژەیەکی دوو ساڵیە کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاسودە وسەنتەری سیسفایەرەوە جێبەجێدەکرێت. لەلایەن یوئێن ترەستفەندەوە

هاوکاری دارایی کراوە بۆ کۆتایهێنانی توندوتیژی توندوتیژی دژی ژنان، پرۆژەکە لە هەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی جێبەجێکراوە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧–٢٠١٩.

پاڵنەری پشتی پرۆژەکە ئەوە بوو کە کچان و ژنانی پەنابەری سوری ڕووبەڕووی ئاستێکی بەرز لە توندوتیژی سێکسی دەبنەوە، لەوانەش هاوسەرگیری پێشوەخت، توندوتیژی خێزانی، توندوتیژی لەسەربنەمای شەرەف، گێچەڵی سێکسی، هەلپەرستی سێکسی. ئەم بابەتە کەمترین خوێندنەوەی بۆ کراوە بەشێوەیەکی قوڵ. زیاترلەوەش، ئەو ڕێکخراوانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن باس لە هۆکارەکانی وەک ترس و گۆشەگیری و نەبوونی هۆشیاری بۆ مافەکانیان دەکەن کە ڕێگرە لە ژنان و کچان باس لە پێشێلکاریەکان بکەن و بە چارەسەری گونجاو بکەن.

لەسەروو ئەمانەشەوە، کەموو کورتیەکی زۆر هەیە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکاندا. لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەم بوارەدا کاردەکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام سنورداری سەرچاوەی مرۆیی و دارایی وایکردووە کە نەتوانرێت بەپێی پێویست هەموو ناوچەکان بگرێتەوە، بەتایبەتی لەدەرەوەی کەمپەکان. دوابەدوای هاتنی داعش بۆ عێراق سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکان چووە سەر ئاوارە ناوخۆکان و کەمێک لە ڕێکخراوەکان کاریان لە گەڵ پەنابەری سوری دەکرد.

## خستنەڕووی پرۆژەکە

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کێشەکانی پەیوەست بە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای پەنابەرانی سوری، پرۆژەکە سێ ستراتیژی سەرەکی لەخۆ گرتوە:

### ١. چاودێریکردن و بە دۆکیمێنت کردنی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە لایەنی گرنگن لە هەر دەستێوەردانێک و خستنەڕووی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی. چاودێریکردن و بە دۆکیمێنت کردن زۆر گرنگن بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخی کچان و ژنانی پەنابەری سوری بەهۆی ڕێگریەکانی باسکردنیان لە کۆمەڵگادا. بەبێ هەبونی زانیاری پێویست، زۆر ئاستەمە سیاسەت و وەڵامدانەوەی پێویست هەبێت بۆ پێداویستیەکانی قوربانیەکان.

### ٢. گۆڕانکاری لە هەڵوێست و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

زۆربەی بەڵگەکان ئەوەیان دەرخستوە کە دەستێوەردانەکان وا دانراون کە گۆڕانکاری بکەن لە هەڵوێست و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان کە دەکرێت هۆکاربن لە ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ژنان و کچان، بە تایبەتیش کە کوڕان و پیاوان بەشێک دەبن لە چارەسەر. ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی کارکردن لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندیەکان دێتەدی بە باسکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان. پرۆژەکە کاریکردووە بە گۆڕینی هەڵوێست بەوەی کە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە. ئەمەش بە زیادکردنی پشتگیری بۆ ژنان و کچان لە کۆمەڵگا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە جۆرەکانی توندوتیژی. ئەم ستراتیژیەش کاریگەری درێژخایەنی دەبێت و وادەکات گۆڕانکاری لە نۆرمەکاندا ببێت بە بەشێک لە کۆمەڵگا.

### ٣. زیادکردنی توانای قوربانیەکان بۆ دەستگەیشتنیان بە خزمەتگوزاریە یاسایی و دەروونیەکان

ژنان زیاتر دەتوانن ڕاپۆرتی توندوتیژی بکەن بۆ پۆلیس کاتێک هاوکاری یاسایی دەکرێن لەڕێگای خزمەتگوزاریە یاساییەکان. بەتایبەتیش ئەگەر ببرێتە دادگا. لەوەش زیاتر، بەرگریکردنی یاسایی کاریگەریەکی فراوانتری هەیە لەسەر توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکاندا بە بگژاچونەوەی ئەو بۆچونەی کە پێی وایە توندوتیژی کردارێکی ناوخۆی خێزانیە و خستنەڕووی ئەوەی کە ئەو کردارانە قبوڵکراو نیە. خزمەتگوزاریە یاسایی و کۆمەڵایەتیەکان مەبەست لێیان گێڕانەوی کەرامەتە بۆ خاوەن مافەکان و کۆتایی هێنانە بە کەلتوری پاراستنی ئەنجامدەرانی.

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان، پرۆژەکە حەوت چالاکی لە خۆدەگرێت:
ڕاهێنانی تیمێک لە توێژەری مێینە لە خەڵکانی ناوخۆ بۆ چاودێریکردن و بەدۆکیمێنت کردن (چالاکی ١.١.١)؛
کۆکردنەوەی بەردەوامی زانیاریەکان لە لایەن تیمێکی

نەخشەی ژمارە ٦: وردەکاری کۆبونەوەی بەشداربوان

ئامانجی پرۆژەکە: کچان و ژنانی پەنابەری سوری لەهەولێر و دهۆک و سلێمانی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی و جێندەری دەبنەوە باشتر بتوانن خزمەتگوزاریان پێبگات و گوزەرانیان باشتر ببێت بە هاتنی ساڵی ٢٠١٩.

| چالاکیەکان | وەسف |
|---|---|
| چالاکی ١.١.١: ڕاهێنانی تیمێک لە توێژەری مێینە لە خەڵکانی ناوخۆ بۆ چاودێریکردن و بەدۆکیمێنت کردن. | تیمێک کە پێکهاتووە لە شەش توێژەر (هەر دوو توێژەر و لە پارێزگایەک) لە کۆمەڵگای خانەخوێ دوای ڕاهێنانیان لە وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژی لەسەر چۆنیەتی چاودێریکردن و بە دۆکیمێنتکردنی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕێوشوێنە پێویستیەکان. |
| چالاکی ٢.١.١: کۆکردنەوەی بەردەوامی زانیاریەکان لە لایەن تیمێکی گەڕۆک بۆ کەیسەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی دژی پەنابەرانی سوری، بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕاپۆرت کردنی ئۆنلاین | شەش توێژەری گەڕۆک بەشدارن لە چاودێریکردن و بە دۆکیمێنت کردنی کەیسەکانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری دژی کچان و ژنانی پەنابەری سوری لە چوارچێوەی پرۆژەکە، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاپۆرت کردن کە لەلایەن سیسفایەرەوە ئامادەکراوە. |
| چالاکی ١.٢.١: دروستکردنی دوو ڕاپۆرت لەسەر توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی دژی کچان و ژنانی پەنابەری سوری. | ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە لە لایەن توێژەرەکانەوە بەکارهێنراون بۆ دروستکردنی دوو ڕاپۆرت لەسەر توندوتیژی سێکسی و جێندەری. یەکەمیان تیشکی خستۆتە سەر چوارچێوەو قەبارەی توندوتیژیەکان. دووەمیان باس لەو وانانە دەکات کە فێربووین لە دەستێوەردانەکان. |
| چالاکی ٢.٢.١: داکۆکیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی لۆکاڵی و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان | ئەنجامدانی حەملاتی داکۆکیکردن لەگەڵ ئیدارەی کەمپەکان، پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکان، چالاکەوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پیاوانی ئاینی و کەسانی تری خاوەن بەرژەوەندی لە میانای گفتوگۆی کراوە لەسەر ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جیندەری و چۆنیەتی بەهێزکردنی میکانیزمەکانی وەڵامدانەوە. |
| چالاکی ١.١.٢: ئەنجامدانی وۆرکشۆپ بۆ پیاوان و کوڕان لەسەر ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی | ئەنجامدانی ١٠ وۆرکشۆپ لەسەر "بەشداریپێکردنی پیاوان و کوڕان لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و کچان"، ئاماژەپێکردنی خراپ لێتێگەیشتنەکان و هاندانی پیاوان و ژنان بۆ ئەوەی کە توندوتیژی جێندەری وەک پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ. |
| چالاکی ١.١.٣: سێشنی هۆشیاری بۆ کچان و ژنانی پەنابەری سوری لەسەر مافەکانیان و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەردەستن لە حاڵەتی توندوتیژی | ئەنجامدانی ١٠ سێشنی هۆشیار کردنەوە بۆ کچان و ژنانی پەنابەری سوری بەمەبەستی هۆشیار کردنەوەیان لە مافەکانیان لە ژێر سایەی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکاندا و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەردەستن بۆ کەیسەکانی توندوتیژی جێندەری. |
| چالاکی ١.٢.٣: پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی بۆ کچان و ژنانی پەنابەری سوری دژی توندوتیژیەکان | ڕاوێژکاری یاسایی و دەروونناس لەهەر پارێزگایەک ڕاوێژی دەرونی و یاسایی بێ بەرامبەریان پێشکەش بە کچان و ژنانی پەنابەری سوری کردووە کە ڕووبەڕووی توندوتیژی سێکسی و جێندەری بوونەتەوە. |

گەڕۆک بۆ کەیسەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی دژی پەنابەرانی سوری، بە بەکارهێنانی ئامرازی ڕاپۆرت کردنی ئۆنلاین (چالاکی ١.١.٢)؛ دروستکردنی دوو ڕاپۆرت لەسەر توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی دژی کچان و ژنانی پەنابەری سوری ( چالاکی ١.٢.١)؛ داکۆکیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی لۆکاڵی و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان (چالاکی ١.٢.٢)؛ ئەنجامدانی ووٚرکشۆپ بۆ پیاوان و کوڕان لەسەر ڕێگریکردن و وەڵامدانەوەی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی (چالاکی ٢.١.١)؛ سێشنی هۆشیاری بۆ کچان و ژنانی پەنابەری سوری لەسەر مافەکانیان و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بەردەستن لە حاڵەتی توندوتیژی (چالاکی ٣.١.١)؛ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی بۆ کچان و ژنانی پەنابەری سوری دژی توندوتیژیەکان (چالاکی ٢.٢.١). سەیری نەخشەی ٧.

سودمەندانی سەرەکی پرۆژەکە بریتی بوون لە کچان و ژنانی پەنابەری سوری لە ١٠ ساڵان بۆ ٦٠ ساڵان لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکاندا. ئەم تەمەنە دیاریکراوە لەبەرئەوەی زۆرترین ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە وەک هاوسەرگیری پێشوەخت و بە زۆر، توندوتیژی هاوبەشی سۆزداری، گێچەڵی سێکسی و توندوتیژی. ژمارەی کچان و ژنانی پەنابەری سوری کە ڕاستەوخۆ سودمەندبوون لە پرۆژەکە ١٥٠٠ بوون، ٢٥٠ ژن ئامادەی سێشنی هۆشیار کردنەوە بوون، ١٥٠ کەس خزمەتگوزاریەکانی یاسایی و دەرونیان وەرگرتووە، و ١١٠٠ کەسیش بەشێکبوون لە چالاکیەکانی چاودێریکردن و بەدۆکیمێنت کردنی پێشێلکاریەکان. سوودمەندە ناڕاستەوخۆکانی پرۆژەکەش بریتین لە ٥٠٠ کەس لە پیاوان و کوڕان، فەرمانبەرانی حکومی، چالاکەوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## دەرەنجام و سەرکەوتنەکان

بەشێوەیەکی گشتی پرۆژەکە بە سەرکەوتوو وەسفدەکرێت لەلایەن ستافی پرۆژەکە و سوودمەندانی پرۆژەکە، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی کە خزمەتی کچان و ژنانی پەنابەری سوری کردووە کە پێشتر سودمەند نەبوون لە هیچ خزمەتگوزاریەک. یەکێک لە تیمەکانی پرۆژەکە وەسفی کردووە بەوەی کە پرۆژەکە بازنەیەک لە چالاکی وابووە کە هەموویان پەیوەندیداربوون بەیەکەوە. دەرەنجام و سەرکەوتنەکان لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە.

## کۆکردنەوەی داتاکان، ڕاپۆرتەکان و حەملەی داکۆکیکردن

لەگەڵ ئەوەی کۆکردنەوەی داتا قورسترین بەشی پرۆژەکە بوو بەهۆی وەرگرتنی ڕەزامەندی و ئامادەنەبونی قوربانیەکان بۆ پێدانی زانیاری، بەڵام بەنرخترین بەشی پرۆژەکەیە. توێژەرەکانی پرۆژەکە لە نزیکەوە کاریان کردووە لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵگاکان و سەنتەرەکانی ژنان بەمەبەستی دروستکردنی متمانە و گەیشتن بە زانیاریەکان. لە دەرەنجامدا، توانیان ٣٨٥ حاڵەتی توندوتیژی تۆماربکەن بە درێژایی پرۆژەکە و تۆمارکراون لە پێگەی سەنتەری سیسفایەر.

لەگەڵئەوەی کە ئاسودە تاکە ڕێکخراو نیە کە داتا و زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر کچان و ژنانی پەنابەری سوری، زۆربەی ڕێکخراوەکان کار لەسەر حاڵەتەکانی توندوتیژی دەکەن و بە نهێنی دەیپارێزن لە تۆمارەکانی خۆیاندا. ئەمەش مانای وایە کەمترین زانیاری بەردەستە بۆ خاوەن بەرژەوەندیەکان بۆ دەستێوەردانی پێویست. بە پێچەوانەوە، پرۆژەکەی ئاسودەوسیسفایەر، ئەو داتایانەی بڵاوکردۆتەوە بە جۆرێک کە زیان بە کەیسەکان نەگەیەنێت و ئەمەش هاوکاری خاوەن بەرژەوەندیەکان دەکات زانیاری تەواویان دەستبکەوێت.

دوابەدوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی یەکەم، دوو کۆبونەوە بۆ نزیکەی ٤١ خاوەن بەرژەوەندی جۆراوجۆر بە ئەنجام گەیەنراوە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی بەمەبەستی باسکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە و کاریگەریەکانی. لە کۆبونەوەکەدا بارودۆخی ئێستای کچان و ژنانی پەنابەری سوری باسلێوەکرا و چۆنیەتی باشتر کردنی بارودۆخەکانیان.

لەدەرەنجامی کۆبونەوەکە، خاوەن بەرژەوەندیەکان باشتر بە ئاگا بوون لە بارودۆخی کچان و ژنانی پەنابەری سوری و قوربانیەکانی توندوتیژیە سێکسی و جێندەریەکان و ئەو کەموکورتیانەی کە هەیانە. کۆبونەوەکە هەروەهاباسی لە باشتر کردنی پەیوەندی نێوان پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاریەکان و شێوازی ناردنی کەیسەکانی توندوتیژی کردووە.

خاوەن بەرژەوەندیەکان باسیان لەوە کردووە کە ئەو

زانیاریانەی کە دەستیان کەوتووە لە ڕاپۆرتەکەوە بۆ کاروباری ناوخۆی خۆیان سودیان لێوەرگرتووە بۆ هەڵسەنگاندن و داواکاریەکانیان و ڕاپۆرتەکانیان. بەشێکیان باسیان لەوە کردووە کە ئەو زانیاریانەیان بەکارهێناوە بۆ باشتر کردنی خزمەتگوزاریەکان کە پێشکەشی دەکەن.

## وۆرکشۆپ لەسەر باشداریپێکردنی پیاوان و ژنان

دوای وۆرکشۆپەکان، زۆر گۆڕان. زۆر شت هەبوو کە وەک توندوتیژی حسابیان بۆ نەدەکرد پێشتر. زۆرێک لە ژنە بەتەمەنەکان دەیانوت 'خۆزگە ئەو زانیاریەمان هەبوایە کاتێک کە گەنجتر بوین'

یەکێک لە تیمەکانی پرۆژەکە

بەشێکی زۆر لە تیمەکانی پرۆژەکە وۆرکشۆپەکانی بەشداریپێکردنی پیاوان و کوڕانیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی بە گرنگترین بەشی پرۆژەکە وەسف دەکرد. ئامانجی وۆرکشۆپەکە باسکردنی بابەتە سەرەکیەکانی پەیوەست بە توندوتیژی جێندەری و سێکسیەوە هەبوو و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بونەوەیان. هەروەها پێشکەشکردنی شوێنێکی ئارام کە تیایدا ژنان و پیاوان بتوانن باس لە کێشەکانیان بکەن.

بەهۆی ئەوەی کە پرۆژەکە لەدەرەوەی کەمپەکان جێبەجێکراوە، بەشێکی زۆر لە بەشداربوانی وۆرکشۆپەکە پێشتر لەو جۆرە سێشنانەدا بەشداریان نەکردووە و باسی توندوتیژی جێندەریان بۆ نەکراوە بەو جۆرە. بەگوێرەی یەکێک لە تیمەکانی پرۆژەکە، 'زۆرێک لە ژنان لێیان دەدرێت لەلایەن مێردەکانیانەوە و پێشیان ئاساییە، کاریان مانەوەیە لە ماڵ و چاودێری منداڵەکانیان'. ستافێکی تر ئاماژەی بەوە کردووە کە 'لێدان و سوکایەتی کردن لەلایان بووەتە کارێکی ئاسایی لەبەرئەوەی هەر لە منداڵیەوە لەگەڵیدا گەورەبوون'. بۆ هەندێک لە بەشداربووان یەکەمجاریان بوو کە بزانن دەستدرێژی سێکسی لە چوارچێوەی هاوسەرگیریشدا بە توندوتیژی دادەنرێت'.

وۆرکشۆپەکە وەڵامدانەوەیەکی باشی هەبوو لە لایەن پیاوان و کوڕانەوە کە بەشێوەیەکی باش پشتگیری خۆیان بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ژنان دەربڕی و هەندێکیشیان داوایان دەکرد کە ستافەکە سەردانیان بکات بۆ ماڵەوەیان بە مەبەستی ئاشناکردنی ژنان و کچان بە مافەکانیان.

بە گوێرەی ئەو وەڵامانەی کە لە ڕاپرسی دوای وۆرکشۆپەکانەوە دەستکەوتووە، لەسەدا ٩٢ ی بەشداربوان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە نابێت توندوتیژی لە ماڵدا بەکاربێت. زیاتر لەوەش، ١٩ پیاو لە کۆی ٢٥ پێیان وابووە کە بەکارهێنانی توندوتیژی کێشە ناوخۆکان چارەسەر ناکات. ٢٣ پیاو لەکۆی ٢٥ بەڵێنیان دا کە دژایەتی توندوتیژی بکەن دژی ژنان لە ماڵەوەو کۆمەڵگاکەیاندا.

## سێشنی هۆشیارکردنەوە بۆ ژنان و کچان

لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژەکە، زۆرێک لە کچان و ژنانی پەنابەری سوری کەمترین زانیاریان هەبوو لەسەر مافەکانیان و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هەیە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە، کۆمەڵێک سێشنی هۆشیارکردنەوە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدرا بۆ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری.

لە کۆی ١٠٦ ژن کە بەشداری سێشنەکانی هۆشیاریان کردووە لە ساڵی یەکەمی پرۆژەکە، تەنها ١٨ ژن ئەوەیان نیشانداوە کە زانیاریان هەیە لەسەر مافە یاساییەکانیان پێش بەشداری کردن. لەدەرەنجامدا وۆرکشۆپەکە زۆر سودمەندبوو بە تایبەتیش سەبارەت بە پێدانی زانیاری لەسەر جیاوازی یاساکانی سوریا و عێراق. بۆ نمونە، زۆرێک لە ژنان بەئاگا نەبوون لەوەی کە ژن مافی وەرگرتنی منداڵی هەیە لە دوای جیابونەوە بەگوێرەی یاساکانی عێراق لەکاتێکدا بەگوێرەی یاسای سوریا باوک ئەو مافەی هەیە. زۆرێک لە ژنان لە جیابونەوە دەترسان بەهۆی ئەوەوە. زۆریک لە ژنان زانیاریان نەبوو لەسەر مافی داواکردنی نەفەقەی زەوجی بەگوێرەی یاساکانی عێراق.

بەشداربوان بەئاگا هێنرانەوە لەسەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هەیە بۆ قوربانیانی توندوتیژیەکان و بەتایبەتیش لە ڕێکخراوی ئاسودە. ئەمەش وای کرد کە سود لە خزمەتگوزاریەکانی ئاسودە ببینن.

## پێدانی پشتگیری سایکۆسۆشیەل و یاسایی

لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە ڕێکخراوەکان خزمەتگوزاری سایکۆسۆشیەڵ و یاسای پێشکەشدەکەن بە کچان و ژنانی

پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کەمێک لەو ڕێکخراوانە لەدەرەوەی کەمپەکان کاردەکەن. لە دەرەنجامدا، ئەم چالاکیە بە گرنگ وەسف دەکرا بەوەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کچان و ژنانی پەنابەری سوری، بەتایبەتی ئەوانەی کە ناتوانن بچنە دەرەوە. ئەو ژنانەی کە دەتوانن بچنە دەرەوە، توانیویانە دەستیان بگات بە سەنتەرەکانی ئاسودە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی.

پشتگیری سایکۆسۆشیەڵ دەرەنجامێکی باشی هەبووە لەسەر گۆڕانی ژیانی کچان و ژنانی پەنابەری سوری. بەگوێرەی ووتەی یەکێک لە ستافەکانی پرۆژەکە، بە درێژای سێشنەکان، توانراوە لە دڵەراوکێی ژنان و کچان کەم بکرێتەوە و متمانەیان بۆ بگێردرێتەوە. لە زمانی یەکێک لە ستافەکانەوە:

> پێشکەوتنێکی گەورە بە کەیسەکانەوە دەبینرێت. هەندێک لە کەیسەکان کەس نەیویستووە کاریان تیادا بکات. بۆ نمونە، ژنێکی پیر زۆر بەکەمی قسەی کردووە تەنانەت لە ماڵیشەوە، دواتر منداڵەکانی سەریان سوڕماوە کە ئاوا گۆڕاوە پاش بەشداریکردنی لە سێشنەکاندا.

ئەوانەی خزمەتگوزاری سایکۆسۆشیەلیان پێشکەشکردوە توانیویانە متمانەیەکی زۆر دروست بکەن لەگەڵ قوربانیەکاندا. بەگوێرەی وتەی یەکێکیان، `کاتێک پێمان دەوتن کە مانگی جارێک دێین، توڕەدەبوون و دەیانویست زوو زوو سەردانیان بکەین. ئەوەندە متمانەیان پێمان بوو کە بۆ کێشە تایبەتیەکانیشیان پەیوەندیان پێوەدەکردین`

سێشنەکانی پێدانی ڕاوێژی یاسایی سودمەندبوون بۆ ژنان. لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک لە ژنان دودڵ بوون یاخود نەیاندەویست کێشەکانیان چارەسەر بکەن لە ڕێگەی دادگا و میکانیزمە یاساییەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سودمەند بوون لە فێربونی مافەکانیان لەژێر یاسا کارپێکراوەکانی عێراق دا. یەکیک لە ئەندامانی پرۆژەکە باسی لەوەکردوە کە` زۆرێک لە ژنەکان سەریان سوڕماوە بەو زانیاریانەی کە پێیان دراوە. زۆرێکیان زانیاریان نەبووە لەو مافانەی کە هەیانە`.

## ڕێگریەکان و وانەکان

سەرەڕای دەرەنجامە باشەکان کە لەسەرەوە باسیان لێکرا، ستافی پرۆژەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕێگری بوونەوە بەدرێژای جێبەجێکردنی پرۆژەکە، لێرەدا باس لەو ڕێگریانە دەکەین لەگەڵ ئەو وانانەی کە فێریان بووین:

**ڕێگری ژمارە ١**: نەبونی متمانەو بەشداری نەکردن
**وانەی ژمارە ١**: دانانی چالاکی بۆ ئاسانکاری تێکەڵبوون و بنیادنانی متمانە

ستافی پرۆژەکە بەردەوام ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و بێ متمانەیی دەبونەوە بەرامبەر کچان و ژنانی پەنابەری سوری بە تایبەتی لە کاتی کۆکردنەوەی داتاکاندا. زۆرێک لە قوربانیەکان ڕەتیان دەکردەوە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت. زۆرێکیان باسیان لەوە دەکرد کە ڕێکخراوەکان هەر خەریکی کۆکردنەوەی داتان بەبێ ئەوەی هیچ یارمەتیەکیان پێبگات و هیچ گرنگییەک نابیننەوە لە بەشداریکردن. ستافی پرۆژەکە ئاماژەیان بەوە کرد کە تێکەڵبونی زیاتر گرنگە لەگەڵ قوربانیەکاندا بەمەبەستی بنیادنانی متمانە. بۆ نمونە دەکرێت خزمەتگوزاری پێشکەشکردنی هاوکاری کەیسەکان ئەنجامبدرێت پێشئەوەی پێشێلکاریەکان بە دۆکیمێنت بکرێت. ئەمە وادەکات کە قوربانیەکان ستافی پرۆژەکە زیاتر بناسن و متمانەیان زیاتر پێبکەن. سێشنی کراوە دەکریت ئەنجامبدرێت لەسەرەتای پرۆژەکانەوە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن باس لە پێداویستیەکانیان بکەن و بەشدار بن لە پرۆژەکاندا.

**ڕێگری ژمارە ٢**: هەبونی کێشەی دارایی
**وانەی ژمارە ٢**: پێکەوەگرێدانی پرۆژەکانی توندوتیژی جێندەری لەگەڵ هاوکاری گوزەران

زۆرێک لە بەشداربوان باسیان لەوە دەکرد کە هاوکاری دارایی گرنگترین هاوکاریە بۆ ئەوان بە بەراورد لەگەڵ هاوکاری سایکۆسۆشیال و یاسایی. ژنان و کچان کێشەکانیان دەبەستەوە بە خراپی باری داراییان و پێداگریان لەوە دەکرد ئەگەر باری داراییان باشتر ببێت، ئەوە زۆرێک لە کێشەکانیان چارەسەر دەبێت. خراپی باری دارایی ڕێگرە لەوەی ژنان داوای چارەسەری یاسایی بکەن بۆ توندوتیژیەکان، وەک جیابونەوە لەبەرئەوەی هیچ

جێگایەکیان نابێت بۆ مانەوە ئەگەر جیاببنەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان. بۆیە گرنگە ئەم هاوکاریانە هاوکات بن لەگەڵ هاوکاری دارایی یاخود پرۆژەی ڕەخساندی هەلی کار. یەکێک لە ستافەکە باسی لەوە دەکرد کە هەبوونی خولی ڕاهێنان وەک خەیاتی گرنگە لەجیاتی پێدانی پارە. لەوەزیاتریش، ڕێکخراوەکان پێویستە بەرنامەی تایبەتیان هەبێت کە هاوکاری دارایی قوربانیەکان بکات دوای جیابونەوە.

**ڕێگری ژمارە ٣**: ئامادەبونی پیاوان
**وانەی ژمارە ٣**: دروستکردنی کەشێکی ئارام بۆ ژنان

پەیوەست بە خاڵی پێشەوە، خراپی باری دارایی زۆرێک لە پەنابەران و مانەوەی زۆرێک لە پیاوان لە ماڵەوە بەهۆی نەبونی هەلی کارەوە بۆخۆی هۆکاری زۆرێک لە کێشەکانە، کە بووەتە هۆی زیادکردنی ناکۆکیەکان لە ناوماڵدا. زۆربەی ژنانیش بێکارن و هۆکارێکی وا نیە کە ماڵەوە بەجێبهێڵن. ئەمەش وایکردبوو کە قورسبێت بۆ ستافی پرۆژەکە کە چاوپێکەوتنەکانیان لە ماڵەوە ئەنجام بدەن. بۆیە هەبونی سەنتەرەکان لە کەمپەکاندا نابێت پشتگوێ بخرێت کە هۆکارن بۆ پێدانی کەشێکی کۆمەڵایەتی بە ژنان لەدەرەوەی ماڵەکانیان کە وادەکات بە بێ سانسۆر باس لە کێشەکانیان بکەن و کاریگەری هەبێت لەسەر بارودۆخی تەندروستیان.

**ڕێگری ژمارە ٤**: سنورداری لە کات و سەرچاوەکان
**وانەی ژمارە ٤**: گرنگیدان بە دەستێوەردانی درێژخایەن

زۆرێک لە ڕێکخراوەکان دەستێوەردانی کورتخایەن ئەنجامدەدەن لە شەش مانگ بۆ ٢ تا ٣ ساڵ. ئەمەش کێشەیە بۆ هەریەک لە تیمی پرۆژەکە و قوربانیەکانیش. بۆستافی پرۆژەکان ماوەیەکی کورتە چونکە ستافەکە کاتی زیاتریان پێویستە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و دروستکردنی گۆڕانکاری سەرەکی لە کەیسەکاندا. کێشەکە تەنها لە کاتدا نیە، بەڵکو لە سەرچاوەکانیشدایە کە تەرخانکراوە بۆ پرۆژەکان. بۆ نمونە زۆربەی ستافەکە بە ڕۆژ کاردەکەن و ناتوانن وەڵامیان هەبێت بۆ ئەوتوندوتیژیانەی کە قوربانیەکان لە شەودا ڕووبەڕووی دەبنەوە. لە ڕوانگەی قوربانیەکانیشەوە قورسە کە متمانە دروست بکەن لەگەڵ ستافی پرۆژەکان و دەبێت بچن بۆلای ڕێکخراوێکی نوێ و سەرلەنوی باسی کێشەکانیان بکەن. بۆیە واباشترە سەرچاوەکان بۆ پرۆژەی درێژخایەنتر تەرخان بکرێت.

**ڕێگری ژمارە ٥**: نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ئەو لایەنانەی کە لە بوارەکەدا کاردەکەن
**وانەی ژمارە ٥**: پەرەپێدانی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا

لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لە لایەنەکان کاردەکەن لە پرۆگرامەکانی پرۆژەکانی توندوتیژی جێندەری دژی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەزمونی جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەریخستووە کە کەمترین هەماهەنگی هەیە لە نێوانیاندا. بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکان زانیاریەکان ناخەنە ڕوو یان ئامادە نین بیدەن بە ڕێکخراوەکانی تر. پێدانی ئەم زانیاریانە هۆکارێکی باشن بۆ هاوکاریکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە پێشتر کاریان لەو بوارەدا نەکردووە. لەگەڵ ئەوەی ئاسودە تا ڕادەیەکی باش هاوکاربووە لە بەشکردنی زانیاری، هەماهەنگی زیاتر و ڕێکخراو پێویستە.

**ڕێگری ژمارە ٦**: خراپی لە یاسا و سیاسەتی کارکردن لە سەر ئاستی حکومەت
**وانەی ژمارە ٦**: بەکارهێنانی ئەزمونی پرۆژەکان بۆ حەملەکانی داکۆکیکردن

لە زۆربەی بەشەکانی پرۆژەکەدا، هۆکارە دەرەکیەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتەکانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا دڵخۆشکەر نین بۆ قوربانیەکانی توندوتیژی لە نێوان کۆمەڵگای پەنابەراندا. بۆ نمونە، ئەو قوربانیانەی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی توند دەبنەوە یاخود هەڕەشەی کوشتن، پێویستیان بەوە هەیە کە ئاراستەی شێڵتەر بکرێن. لە هەرێمی کوردستانی عێراق، تەنها حکومەت شێڵتەر بەڕێوە دەبات و لەبارودۆخێکی خراپدان و وەرگرتنی ژنانی سوری کاری زۆر دەوێت کە فەرمانی یاسایی دەوێت و ڕەزامەندی ئاسایش و پشکنینی تەندروستی پێویستە. . یەکێک لە تیمەکانی پرۆژەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە `هەست بە شەرمەزاری دەکەین کاتێک کەیسێک ئاراستەی شێڵتەر دەکەین، نازانم تا ئێستا ژنێکی سوری وەرگیرابێت لە شێڵتەر`. لەگەڵ ئەوەی کە حکومەت هەمیشە

بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم شێڵتەرانە بۆ ئاوارە و پەنابەر و خانەخوێیە بێ جیاوازی، نەبونی پرۆگرامی پێویست و هاوکاری پێویست دەریدەخات کە ژنانی سوری ئەم خزمەتگوزاریە نایانگرێتەوە. لە کۆتایشدا، دەقە یاساییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕێگا نادەن بە لایەنی سێهەم کە شکات بکات لە کاتی هەبونی توندوتیژی، کە ئەمەش وادەکات کە ڕێگا یاساییەکە بەکار نەیەت لەبەرئەوەی کە زۆرێک لە ژنان ئەو توانایەیان نیە کە خۆیان ئەو کارە بکەن. لە دەرەنجامدا، پێویستە بوترێت کە پشتگیری ڕاستەوخۆی قوربانیەکان پێویستە هاوکاتبێت لەگەڵ گۆڕانکاری لە یاساو سیاسەتەکانی کارکردن لەم بوارەدا.

## ٦ .وانەکان لە بوارێکی فراوانتردا

لەم بەشەدا باس لەو وانە و تێبینیانە دەکرێت کە بەشداربوانی پرۆگرامی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی جێندەری دژی کچان و ژنانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەیانە لەوانەش ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و وەکالەتەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان. داتا و زانیاری سەرەتایی و لاوەکی لەخۆدەگرێت.

زانیاریە لاوەکیەکان لەم بەشەدا شیکاری بۆکراوە و دۆکیمێنتەگشتی و ناوخۆیەکانی تایبەت بە کڵەستەرەکانی توندوتیژی جێندەری. داتا سەرەکیەکان ئەمانە لەخۆ دەگرێت لە کۆی ١٥ وەڵام کە بەدەست گەیشتون : ١) ڕاپرسی ئەلیکترۆنی کە نێردراوە بۆ ئەو لایەنانەی کە خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن لەبواری توندوتیژی جێندەری (ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان) کە کاردەکەن لەگەڵ ژنان و کچانی پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق و ١٨ لایەن وەڵامیان داوەتەوە. ٢) ئەنجامدانی ٨ چاوپێکەوتن لەگەڵ ستافی ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان و دەزگاکانی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان و ئیدارەی کەمپی دۆمیزی ١ لە دهۆک. ٣) تێڕوانینەکان لە لایەن پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاری توند و تیژی جێندری پێشکەشکرا لە وۆرکشۆپی یەک ڕۆژی لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ئامادەبوونی توێژەکان لە وۆرکشۆپێکی یەکرۆژی لە مانگی ١ ی ٢٠١٩ لە لایەن UNHCR.

### نەخشەی خزمەتگوزاریەکان

بەگوێرەی کڵەستەری تایبەت بە توندوتیژی جێندەری، ٣ دەزگای تایبەت بە نەتەوەیەکگرتووەکان و ٨ ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پرۆگرامەکانی تایبەت بە توندوتیژی جێندەری جێبەجێدەکەن بەرامبەر سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لە تازەترین ئەپدەیتدا نزیکەی ١٣ ڕێکخراو و ٢ دەزگای سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک لەم بوارەدا کاردەکەن.
بەگوێرەی ڕاپرسیەکانی ئێمە، بۆمان دەرکەوتووە کە ٤ ڕێکخراوی لۆکاڵی و ١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە نەخشەکەدا ئاماژەیان پێنەکراوەو خزمەتگوزاری تایبەت بە توندوتیژی جێندەری پێشکەشدەکەن. بەگوێرەی نەخشەکان لەسەدا ٥٥ ی پرۆگرامەکان و خزمەتگوزاریەکان لە هەولێر پێشکەشدەکرێن، لەسەدا ٤١ لە دهۆک و موسڵ و لە سەدا ٤ لە سلێمانی. بەگوێرەی زانیاریەکان لە ساڵی ٢٠١٨، لەکۆی ٢٥٠،٠٠٠ پەنابەری سوری لە عێراقدا، لە سەدا ٤٩ لە هەولێر دەژین، لە سەدا ٣٥ لە دهۆک، لە سەدا ١٣ لە سلێمانی. هەروەها، لە سەدا ٨٠ ی سودمەندانی خزمەتگوزاریەکانی جێندەری لە کەمپەکاندان و لە سەدا ٢٠ لە دەرەوەی کەمپەکان ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە سەدا ٦٣ ی پەنابەرانی سوری لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین.

### نەخشەی پرۆگرامەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری

زۆرینەی پرۆگرامەکانی توندوتیژی جێندەری کە لە لایەن ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و دەزگاکانی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پەنابەرانی سوری زیاتر بۆ هۆشیارکردنەوە بوون.
بەگوێرەی داشبۆردی کڵەستەری توندوتیژی جێندەری لە نێوان مانگی ١ بۆ ١٠ ی ٢٠١٨، لە سەدا ٥٣ ی دەستێوەردانەکان بۆ هۆشیارکردنەوە بوون.
خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی جێندەری بە ڕێژەی لە سەدا ٣٠، بەهێزکردنی تواناکان لەسەدا ١٠، و دابەشکردنی پێداویستی پاکوخاوێنی لەسەدا ١ کەمتر. بەگوێرەی داتاکان، لەسەدا ٥٢ ی پرۆگرامەکانی توندوتیژی خزمەتگوزاری سایکۆسۆشیالە و لەسەدا ٤٦ خزمەتگوزاریەکانی تری کۆمەڵایەتیە. بەگوێرەی داشبۆردی کڵەستەری توندوتیژی جێندەری لە نێوان مانگی ١ بۆ ١٠ ی ٢٠١٨، لەسەدا ٥٦ ی سودمەندان ژن بوون و لەسەدا ٩.٥

پیاو بوون و لەسەدا ٦.٥ کوڕان بوون.

## ڕاپرسی پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان

ڕاپرسیەک دەربارەی توندوتیژی جێندەری دژی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق نێردراوە بۆزیاتر لە ٢٠٠ بەریدی ئەلیکترۆنی کڵەستەری توندوتیژی جێندەری لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک (١٥ وەڵامیان داوەتەوە) هۆکاری کەمی وەڵامەکان دواتر باسدەکرێت ، ١٨ وەڵامیان داوەتەوە. ڕاپرسیەکە مەبەست لێی تێگەیشتن بووە لەوەی کە چ جۆرە پرۆگرامێک بوونی هەیە و هاوکاری دارایی دەکرێت و دەرختسنی کاریگەری ئەو پرۆگرامانە و زانینی وانە و بۆشاییەکانی ئەم بوارە. لەو ١٨ کەسەی کە وەڵامیان داوەتەوە، ١١ یان ئەو تاکانە بوون کە کاریان کردووە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و ٧ یان لە لایەن ئەو تاکانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا کاردەکەن. ١٥ لەو ڕێکخراوانە لەگەڵ پەنابەرانی سوری کاردەکەن. سەبارەت بە جۆری خزمەتگوزاریەکان، هاوکاری سایکۆسۆشیال ١٧، سێشنی هۆشیاری ١٥، خزمەتگوزاری هاوکاری کۆمەڵایەتی ١١، سەتەرەکانی ژنان ١٠.

سەبارەت بە بابەتەکانی ڕاپۆرت نەکردنی توندوتیژی جێندەری، زۆربەی وەڵامەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە بەرزکردنەوەی توانای کارمەندانی حکومی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و بڕیار بەدەستانی تر، هەروەها وەبەرهێنان لە تواناکان لەدەرەوەی کەمپەکان (زۆربەی پرۆگرامەکانی توندوتیژی جێندەری لە ناوخۆی کەمپەکان ئەنجامدەدرێت لەگەڵ ئەوەی کەمترین پەنابەری تیادا دەژی) دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی جێندەری. هەروەها وەبەرهێنان لە پرۆگرامەکانی تایبەت بە باشترکردنی گوزەران بۆ ژنان و پیاوان و خولەکانی ڕاهێنان پێشنیار کراون.

چواردە لەوانەی کە وەڵامیان داوەتەوە هاوڕابوون لەگەڵ ئەوەی کە توندوتیژی جێندەری لەناو کۆمەڵگای خانەخوێش یەکسانە لەگەڵ پەنابەرانی سوری لە کاتێکدا چوار کەس پێیان وابوو کە لە لایەن کۆمەڵگای خانەخوێ دێت و سێ کەسەکەی تر پێیان وابووە کە لە ناو سوریەکاندا دێت. سەبارەت بە ڕێگریەکان لە ڕووبەڕوو بونەوەی توندوتیژی جێندەری، زۆرینەی پێیان وابووە کە هاوکاری دارایی پێویست نیە و پرۆگرامەکان زۆر کورتن. هەندێک باسیان لەوە کردووە کە پەنابەرەکان پرۆژەیەکیان ناوێت کە کۆکردنەوەی زانیاری لەخۆ بگرێت بەڵکو باشتر کردنی گوزەرانیان دەوێت. نەبونی خزمەتگوزاری بۆ ڕەگەزی نێرینە باسکرا وەک ڕێگری.

سەبارەت بەوەی کە چ شتێک زۆر سەرکەوتوو بووە لە پرۆگرامەکانی توندوتیژی جێندەری، زۆرێک ئاماژەیان بەوە کردووە کە پرۆگرامەکانی بەشدارپێکردنی پیاوان زۆر کاریگەر بوون. لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی تریش وەک سێشنەکانی هۆشیار کردنەوە، چارەسەری ڕووداوی لە ناکاو و پرۆگرامەکانی تر بۆ هاوکاریکردنی پەنابەران وەک بەکارخستنیان، هاوکاری یاسایی و بەهێزکردنی تواناکانی ژنان. سەبارەت بەوەی کە چی زۆر پێویستە، سێشنی سایکۆسۆشیال و خولی ڕاهێنان و پرۆژەی بچوک و بەشداریپێکردنی پیاوان.

## ئەنجامدانی چاوپێکەوتن

زانیاریەکان لەم بەشەدا لەسەربنەمای ئەو چاوپێکەوتنانەیە کەلەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجامدراوە لەوانەش ئیدارەی کەمپی دۆمیزی ١، کۆمەڵێک لە ستافی ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کە خزمەتگوزاری سایکۆسۆشیال پێشکەش دەکەن لە دهۆک؛ بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە هەولێر، ٥ ڕێکخراوی ناوخۆیی و یەک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە سلێمانی.

کارمەندێکی ڕێکخراوێکی ناوخۆیی لە سلێمانی باسی لەوە کرد کە ڕێژەی توندوتیژی جێندەری لەدەرەوی کەمپەکان زیاترە وەک لەناو کەمپەکان بەهۆی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵکانی خانەخوێ و ئاستەمە بۆ ڕێکخراوەکان بیاندۆزنەوە.

زیاتر لە نیوەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە باسیان لەوە کردووە کە حکومەت زیاتر بوونی هەبێت لە پرۆژەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری. بەڕێوەبەرێکی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی باسی لەوەکرد ئەمە گرنگە بۆ بەردەوامی کاریگەری پرۆژەکان؛ هۆشیاری و توانای فەرمانبەرانی حکومی و بڕیار بەدەستان پێویستە زیاد بکرێن.

نەخشەی ژمارە ٨: ووردەکاری وەڵامی ڕاپرسیەکان

| جۆری ڕێکخراو | ئامانج | خزمەتگوزاری جی بی ڤی کە پێشکەش کراوە | شوێنی بەرنامەکە | ناو کەمپ یان دەرەوەی کامپ؟ |
|---|---|---|---|---|
| نێودەوڵەتی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, هاوکاری یاسایی, بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان, خولەکانی ڕاهێنان, بەهێزکردنی توانای ئابوری, , داکۆکی کردن | هەولێر, سلێمانی | دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | سێشنی هۆشیاری, چاودێری منداڵان | دهۆک | ناو کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت, خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, تیمی گەڕۆک, بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان, خولەکانی ڕاهێنان | هەولێر | دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت, خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, خولەکانی ڕاهێنان | هەولێر | دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر خانەخوێ | خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سێشنی هۆشیاری | سلێمانی | ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر, ئاوارەی سوری | کەیس مەنیجمێنت, خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, هاوکاری یاسایی, خولەکانی ڕاهێنان, خولی ڕاهێنان بۆ پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریەکان,, هاوکاری دارایی, داکۆکیکردن | دهۆک | ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| نێودەوڵەتی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت, خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, هاوکاری یاسایی, خولەکانی ڕاهێنان | دهۆک | ناو کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| نێودەوڵەتی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت, خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, تیمی گەڕۆک, بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان, پرۆگرامەکانی تایبەت بە هەرزەکاران | دهۆک | ناو کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر, ئاوارەی سوری | کەیس مەنیجمێنت, خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, سێشنی هۆشیاری, تیمی گەڕۆک, خولەکانی ڕاهێنان | هەولێر | ناو کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | پەنابەر, ئاوارەی سوری، خانەخوێ | خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سێشنی هۆشیاری, خولەکانی ڕاهێنان | سلێمانی | ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | ئاوارەی سوری، خانەخوێ | خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی, سەنتەرەکانی ژنان, هاوکاری یاسایی, چاودێری منداڵان, بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان | دهۆک | ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوخۆیی | خانەخوێ | سێشنی هۆشیاری | دهۆک | ناو کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| نێودەوڵەتی | پەنابەر، ئاوارەی سوری، خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت، خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی، سەنتەرەکانی ژنان، سێشنی هۆشیاری، تیمی گەڕۆک، بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان، خولەکانی ڕاهێنان | دهۆک ، هەولێر، سلێمانی | ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| نێودەوڵەتی | پەنابەر خانەخوێ | خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی، سێشنی هۆشیاری | سلێمانی | دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |
| ناوخۆیی | خانەخوێ | کەیس مەنیجمێنت، خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی، تیمی گەڕۆک، چاودێری منداڵان | سلێمانی | ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپ — تەنها پەنابەری سوری |

کارمەندی یەکێک لە ڕێکخراوە ناوخۆیەکان باسی لەوە کردووە کە سەرەڕای ڕاهێنانی فەرمانبەرانی حکومەت، زۆربەیان لە شوێنەکانی خۆیان نامێننەوە. یەکێکی تر لە کەموکورتیەکان ئەوەیە کە ئیدارەی کەمپەکان پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە. حاڵەت هەبووە کە کەیسیان ناردۆتەوە ماڵەوە سەرەڕای هەبونی مەترسی لەسەری. هەروەها ناردنی ژنان بۆ پەناگەکان پێویستی بە فەرمانی دادگا هەیە کە ئەمەش وادەکات ژنان نەیانەوێت ئەم کارە بکەن.

زۆربەی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە باسیان لەوە کردووە کە بەشداریپێنەکردنی پیاوان و کوڕان کەموکورتیەکی گەورەیە. بەڕێوەبەری ڕێکخراوێک باسی لەوە کردووە کە سەرکەوتووترین پرۆژە کە کردبێتمان پرۆگرامێکی ٣ مانگی بوو بۆ بەشداریپێکردنی پیاوان و کوڕان لە پەنابەران و ئاوارەکان و خانەخوی. هەروەها باسی لەوە کردووە کە لێکتێگەیشتن زیاتر بکرێت لە نێوان جێندەرەکان. باسی لەوەش کردووە کە حاڵەت هەبووە کە پیاو دەستدرێژی سێکسی بەرامبەر کراوە و هیچ ڕێکخراوێک نەبووە هاوکاری بکات. دوو لەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە باسیان لەوە کردووە کە کارمەندە کوڕەکان پێویستە ڕاهێنانیان بۆ بکرێت. ئاماژەیان بەوەشکردووە کە قورسە بۆ پیاو کراوە بێت. یەکێک لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە دهۆک باسی لەوە کردووە کە کەیسی دەستدرێژی بۆ سەرپیاو زیاترە وەک لە ژن.

زۆربەی ئەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە هاوڕابوون کە پرۆژەکانی توندوتیژی جێندەری بۆ پەنابەرانی سوری زۆر بێ هاوکاری داراییە. ستافێکی خۆماڵی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی باسی لەوە کردووە ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە بابەتی توندوتیژی جێندەری کەمتر ڕاپۆرت دەکرێت و دۆنەرەکانیش پێیان وایە کەمتر گرنگە. بۆ نمونە، ڕاپۆرتنەکردنی حاڵەتەکانی توندوتیژی سێکسی لە کەمپەکاندا لەوەوە هاتووە کە خێزانەکان دەیانەوێت کێشەکان بە عەشایەری چارەسەربکەن وەک لە یاسا ناوخۆکان.

زیاتر لە نیوەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە باسیان لەوەکردووە کە پرۆژەکانی توندوتیژی جێندەری زۆر کورتخایەنن؛ ئەمەش دەخەنە ئەستۆی دۆنەرەکان چونکە ئەگەر دۆنەرەکان هاوکاری دارایی بکەن، ڕێکخراوەکانیش پرۆژەری درێژخایەنتر جێبەجێدەکەن. ئەو بەرنامانەی کە هەن بە شێوەیەکی گشتی بۆ ٦-١٢ مانگن. ستافێکی خۆماڵی ڕێکخراوێکی ناوخۆ لە سلێمانی باسی لەوە کردووە کە بەلایەنی کەمەوە ماوەی ٦ مانگ پێویستە بۆ دروستکردنی متمانە لەگەڵ پەنابەرە سوریەکان. هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە ئەگەر هاوکاری زیاتر ببێت، ئەوە خزمەتگوزاریەکانیش زیاتر دەبن. چەند کەسێکیش باسیان لەوە کردووە کە پەنابەرەکان پێویستیان بە چەند بەرنامەیەکیش هەیە وەک بەرنامەکانی گوزەران و بەدەستهێنانی داهات.

نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکان وەک کێشە وەسف دەکرا لەلایەن هەموو بەشداربووەکانەوە. لە چاوپێکەوتنی کلەستەرەکانی توندوتیژی جێندەری،

بەشێکی زۆری بەشداربوان وەک کێشە باسیان لێکردووە. هەروەها ئاسان نیە کە وێنەیەکی گشتگیرت دەستبکەوێت لەسەر ئەوەی کێ لەو بوارەدا کاردەکات. نزیکەی لە سەدا ٢٥ ی ئەو ئیمەیڵانەی کە نێردراون بۆ ڕاپرسیەکە وەڵامیان نەداوەتەوە لەبەرئەوەی کە کۆنن یاخود کارناکەن یاخود کەسەکە لە ڕێکخراوەکە نەماوە. هەندێک لە ڕێکخراوەکان لەسەر توندوتیژی جێندەری کاردەکەن بەڵام بەشداری کۆبونەوەکانی کلەستەرەکان ناکەن.

لە کۆتایی دا، پێویستە کاری زۆر بکرێت لەسەر توندوتیژی جێندەری لەگەڵ پەنابەرانی سوری لەدەرەوەی کەمپەکاندا کە زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و قورسترە کارکردن لەسەریان. بەهێزکردنی تواناکان و بەشدارییپێکردنی حکومەت بە گرنگ دەزانرێت. بەشدارییپێکردنی پیاوان و کوڕان لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری بە ئەنجامدانی سێشنی هۆشیار کردنەوە و ئاگادارکردنەوەیان لە بابەتەکانی سەر بە پیاوان (لە ناویشیاندا قوربانیانی پیاو و کوڕ بۆ توندوتیژیەکانی جێندەری) گرنگن لە باسکردنی سەراپای کێشەکانی توندوتیژی جێندەری. لە کۆتایشدا، کێشەی هاوکاری دارایی، یەکێکە لە کێشەکانی ڕێکخراوەکان لەگەڵ گرنگی جێبەجێکردنی پرۆژەی درێژخایەن. لەگەڵ ئەوانەشدا، پرۆژەکانی توندوتیژی جێندەری پێویستە لەوە زیاتر بێت کە تەنها سێشنی هۆشیار کردنەوە بێت. بەڵکو پێویستە خولەکانی ڕاهێنان و گوزەران لەخۆبگرێت. لە کۆتایشدا، هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوەکان زۆر جێگەی گرنگیپێدانە.

## دیدی خاوەن بەرژەوەندیەکان

ئەم بەشە باس لە بۆچونی خاوەن بەرژەوەندیەکان دەکات کە کاردەکەن لەسەر توندوتیژی جێندەری کە لە چەندین کۆبونەوە ئامادەبوون لە لایەن ڕێکخراوی ئاسودەوە ڕێکخراوە لە هەولێر و سلێمانی لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩. کۆی ٩٢ خاوەن بەرژەوەندی ئامادەی کۆبونەوەکان بوون لەوانەش نوێنەری ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان، نەتەوەیەکگرتوەکان، وەزیری حکومی و ئیدارەی کەمپەکان. خاوەن بەرژەوەندیەکان بە چەندین شێوە بەشداربوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی جێندەری لەوانەش: کەیس مەنیجمێنت خزمەتگوزاری دەرونی و کۆمەڵایەتی، سەنتەرەکانی ژنان، سێشنی هۆشیاری، هاوکاری یاسایی، بەرنامە کۆمەڵایەتیەکان، خولەکانی ڕاهێنان، بەهێزکردنی توانای ئابوری، ، داکۆکی کردن، چاودێری منداڵان، تیمی گەڕۆک وپرۆگرامەکانی تایبەت بە هەرزەکاران.

گرنگی خاوەنبەرژەوەندیەکان دەگۆڕێت بە گوێرەی فاکتەرە ئابوریەکان لە چارەسەری توندوتیژی جێندەری. یەکێک لە نوێنەرەکانی ڕێکخراوێکی ناوخۆ ئاماژەی بەوەکرد کە سەرەڕای پێشکەشکردنی خولەکانی ڕاهێنان لەلایەن بەشەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، توندوتیژی جێندەری هەر بە بڵاوی ماوەتەوە لە کەمپەکاندا و هۆکارەکنیشی ئابوری نین بە تەنها. بەلکو دەستێوەردان بۆ گۆڕانکاری لە بۆچونەکان پێویستن بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەری. هەروەها یەکێکی تر لە ڕێکخراوە ناوخۆییەکان ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی جێندەری باوە لەناو پەنابەری سوری تەنانەت پێش ئەوەی ئاوارە ببن وەک بەشێک لە کەلتوریان. هەندێکی تر پێداگریان لەوە دەکرد کە خولی ڕاهێنان و هاوکاری دارایی لە پێشینەی پێداویستیەکانن باتایبەتیش کە چەند خێزانێک زیاتر لە ٩ ئەندامن و پێکەوە دەژین.

زۆرێک لە خاوەن بەرژەوەندیەکان ئاماژەیان کرد بە گرنگی کاریگەری یاساکان و هۆشیاری لەسەر یاسا کارپێکراوەکان بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی جێندەری. نەبونی یاسای لەم جۆرە لە سوریا هۆکاربوون بۆ بە ئاسایی کردنی توندوتیژی. فاکتەرە یاساییەکان هۆکاری سەرەکین لە پشت ڕاپۆرت نەکردنی توندوتیژی جیندەری کە زۆربەی ژنان بێ ئاگان لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان و هەستکردن بەوەی کە ڕاپۆرتکردنی توندوتیژیەکان هۆکار دەبن بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان و چاودێری مناڵەکانیان. بە پێچەوانەوە، زۆری هۆشیاری لەسەر یاساکان دەکرێت هۆکاربن لەڕێگری توندوتیژی جێندەری. بەشداربویەک باسی لە ژنێک کردووە کە ڕێگەی نەداوە کچەکەی بۆ خوێندنگا. دوای ئەوەی کە بۆی دەرکەوت کە ئەمە توندوتیژی جێندەریە لە کوردستان، ڕێگای دا کچەکەی تۆماربکرێت لە خوێندنگایەک.

سەبارەت بەو بەرنامانەی کە پێویستن سەبارەت بە توندوتیژی جێندەری، زۆبەی خاوەن بەرژەوەندیەکان باسیان لە گرنگی بەشدارییپێکردنی پیاوان کرد شانبەشانی ژنان لەبەر ئەوەی کە پیاوان تۆمەتباری سەرەکیین لە

ئەنجامدانی توندوتیژیەکاندا و منداڵانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەر دەبن لە ماڵەوەدا. لەپاڵ ئەمانەشدا، هەراسانکردنی سێکسی و زەواجی پێشوەخت لە ناو پەنابەرانی سوریدا لە کێشە زۆر باوەکانن. خاوان بەرژەوەندیەکان باسیان لە گرنگی هەبونی تیمی گەڕۆک کرد بۆ شوێنە دورەدەستەکان. هەروەها گرنگی میدیا لەم جۆرە بابەتانەدا. هەروەها باس لەوە کرا کە پێویستە هەندێک پرۆژە هەبن بۆ خەڵکی خانەخوێ. لە کۆتاییشدا داوا کرا کە هەماهەنگی زیاتر بکرێت لە نێوان ڕێکخراوەکاندا.

## ٧.ڕاسپاردەکان

### بۆ ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان:

- هەوڵدانی زیاتر بۆ بە دۆکیمێنت کردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر بەرنامەکانی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی جێندەری کە جێبەجێ کراوە بۆ پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- زیادکردنی هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوە مرۆییەکان کە ڕاستەو خۆ پرۆژەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری جێبەجێ دەکەن. هەروەها لە نێوان ڕێکخراوەکان و کڵەستەرەکان.
- ناساندنی میکانیزمەکان بۆ پێشکەشکردنی داتا و زانیاری ورد بۆ هەموو ڕێکخراوەکان کە پرۆژەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری جێبەجێ دەکەن لەگەڵ پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ناویشیاندا ئەو ڕێکخراوانەی کە لەدەرەوەی سیستەمی کڵەستەرەکانن.
- جێبەجێکردنی بەرنامەکانی پێدانی زانیاری بە مەبەستی باشترکردنی فێربوون.
- ئەنجامدانی پرۆژەکانی گوزەران و دۆزینەوەی هەلی کار لەگەڵ پرۆگرامەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری.
- بەشدارپێکردنی پیاوان و کوڕان لە پرۆژەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری. نەک تەنها بەشدارپێکردن، بەڵکو دڵنیابوون لەوەی کە ئەوانیش پارێزراون.
- کارکردنی زیاتر لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری لەدەرەوەی کەمپەکان چونکە ژمارەیەکی زیاتری پەنابەرانی سوری لە دەرەوی کەمپەکان نیشتەجێن.
- دڵنیابوون لەوەی کە سەرچاوەی زیاتر دابین کراوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی کەشێکی ئارام و سەلامەت بۆ ژنان لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان.

### بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان:

- گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بۆ بەهێزکردنی تواناکانی فەرمانبەرانی حکومی لە سێکتەرەکاندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی جێندەری.
- ئاسانکاری زیاتر بۆ شێڵتەرەکان بۆ قوربانیانی توندوتیژیەکان و کەمکردنەوەی ڕێگریەکانی بەردەم ژنانی سوری بۆ چونەناو شێڵتەرەکان.
- ناساندنی خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی جێندەری بۆ پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- بەشدارپێکردنی کۆمەڵگای خانەخوێ لە سێشنەکانی هۆشیارکردنەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەری دژی پەنابەرانی سوری و دروستکردنی تێکەڵی کۆمەڵایەتی لەنێوان خەڵکانی خانەخوێ و سوریەکان.
- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ڕێگریە یاساییەکان کە ڕێگرن لە پیاراگەیشتنی پەنابەران بۆ هەلی کار، پەروەردە، خزمەتگوزاری تەندروستی، نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی تر لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ بە مەبەستی ڕێگەدان بە شایەت و لایەنی سێهەم کە شکات بکات لە جیاتی قوربانیانی توندوتیژی.

# References

1 War Child Canada, *A Guide to Sexual and Gender-Based Violence Legal Protection in Acute Emergencies,* Toronto, 2018, p. 12.

2 The precise number of Syrian refugees registered in Iraq was 252,451 as of 31 January 2019, according to UNHCR figures: https://data2.unhcr.org/en/situations/syria/location/5.

3 UNHCR, *Sexual and Gender-Based Violence Prevention and Response in Refugee Situations in the Middle East and North Africa,* 2015, p.4.

4 Sood, A. and Seferis, L., 'Syrians contributing to Kurdish economic growth,' *Forced Migration Review,* vol. 47, September 2014, p. 15.

5 Danish Refugee Council, 'A study of the opportunities in labour markets for IDPs and Refugees in KRI: Construction Labour and Service-sector Labour Market Systems (Executive Summary),' December 2014, p. 7.

6 Higel, L., Mohammed, A., Singh, N. and Guiu, R., *Pathways to Resilience: Transforming Syrian Refugee Camps into Self-Sustaining Settlements (Qualitative Assessment: Focus Group Discussions),'* Middle East Research Institute, June 2015, p. 10.

7 World Bank, *The Kurdistan Region of Iraq: Assessing the Economic and Social Impact of the Syrian Conflict and ISIS,* Washington, DC, 2015, p. 51-60.

8 United Nations Development Programme, *Syria Response - Iraq,* 2014, http://www.undp.org/content/dam/rbas/doc/SyriaResponse/Iraq per cent20143-151.pdf, p. 140.

9 World Bank, *op. cit.*, p. 2.

10 *Ibid.*, p. 3.

11 Sood and Seferis, *op. cit.*, p. 14.

12 World Bank, *op. cit.*, p. 5.

13 Higel et. al., *op. cit.*, p. 8-9.

14 REACH and UNHCR, *Economic Survey of Syrian Refugees - Refugee Camps,* Kurdistan Region of Iraq, April 2014, p. 12.

15 UNHCHR, *3RP Regional Refugee & Resilience Plan 2016-2017 – Iraq,* January 2016, p. 10.

16 UNHCR, '3RP Regional Refugee & Resilience Plan Iraq Monthly Update – Protection Dashboard,' June 2017.

CEASEFIRE
centre for civilian rights

ASUDA
Empower Women to Lead

# ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر لە قەیرانی پەنابەراندا:

**ئەو وانانەی کە فێریان بوین لە دەرەنجامی کارکردن لەگەڵ ژنان و کچانی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا**

## بە کورتی


ژنان و کچانی پەنابەری سوری زۆرترین ڕوبەڕوی توندوتیژی جێندەری دەبنەوە لە سەرتاسەری جیهاندا. دەربەدەربون بۆخۆی هۆکاری سەرەکی توندوتیژین کە وادەکات ژنان و کچان ناچاربن وولاتەکەیان بەجێبهێڵن بە بێ هاوەڵی و پشت دەبەستن بە چەند کەسەنێک کە لەوانەیە سوود لە لایەنی لاوازیان وەربگرن. لەکۆتایشدا توندوتیژی جێندەری راستیەکی حاشاهەڵنەگرە لە ناوخۆ و دەرەوەی کەمپەکاندا. ناڕێکی لە نیشتەجێبوون، هەستکردن بە نەبونی ئاسایش، خراپی باری ئابوری و تێکچونی شیرازەی خێزان لە هۆکارە سەرەکیەکانی بەرزبونەوەی ڕێژەی توندوتیژیە کە وادەکات پەنابرێت بۆ هاوسەرگیری پێشوەخت و لەشفرۆشی.

ئەم ڕاپۆرتە دەرەنجامی کارکردنی دوو ساڵی کارکردنە لەگەڵ کچان و ژنانی پەنابەری سوری و ئامانج لێی پیدانی ئەو وانانەیە بەمبەستی بەرچاو رۆشنی بۆ داهاتووی هاوکاریەکان. هەروەها وەرگرتنی بۆچونی کچان و ژنانی پەنابەری سوریە. دەرخستنی وێنەی تەواوی ئاستەنگەکانە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە. دەکرێت سود لەم ڕاپۆرتە ببینرێت لەلایەن ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان و دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەکادمیەکان و توێژەران و هەر لایەنێکی تر کە کاردەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری لە چوارچێوەی قەیرانی پەنابەرانی سوری و هەر چوارچێوەیەکی تردا..

ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە لە پڕۆژەکەدا ئەوە نیشاندەدات کە توندوتیژی هاوبەشی سۆزداری باوترین جۆری توندوتیژیە کە ڕووبەبەڕووی ژنان و کچانی پەنابەری سوری دەبێتەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە. بەشێکیان بۆ ئەوەی دەگێرنەوە کە بارودۆخی داراییان خراپە. نەتوانینی دابینکردنی پێداویستیەکانی ماڵ هۆکاری سەرەکی فشارەکانن کە دواتر دەگۆڕێن بۆ توندوتیژی. سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی ژنان سەرچاوەی داهاتن بۆ ماڵەکانیان، هەندێک جار پیاوەکان دەستدەگرن بەسەر داهاتی ژنەکانیان و یاخود هەر ڕێگەیان پێنادەن کاربکەن. ئەو ژنانەش کە راستەوخۆ پشت دەبەستن بە هاوسەرەکانیان، زۆر بە لاوازی دەمێننەوە کاتێک هاوسەرەکانیان بەجێیان دەهێڵن.

ئەم ڕاپۆرتە ئەو دەرەنجامانە نیشان دەدات کە بەدەستهاتون لە ئەنجامی پڕۆژەی دووساڵی ڕێکخراوی ئاسودە و سیسفایەر بۆ ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی جێندەری دژی پەنابەرانی سوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق. باس لە وردەکاری ئەو چالاکیانە دەکات کە ئەنجامدراون، چیرۆکی سەرکەوتنەکان و ئاسەنگەکانی بەرامبەریان. لەو وانانەی کە لەخۆی دەگرێت بریتین لە ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە هۆکارن بۆ بنیادنانی متمانە، هەستیاری لە ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری و پڕۆژەکانی بژێوی و پێویستی زیادکردنی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکاندا.

لە کۆتایشدا، ڕاپۆرتەکە باس لەو وانانەش دەکات کە لە بوارێکی مرۆیی فراوانتردا فێریان بووین لە هەرێمی کوردستانی عێراق. دەرخستنی دۆزینەوەکانی کە بەدەست هاتوون لە چاوپێکەوتن و ڕاپرسیەکانی کە ئەنجامدراوە لەگەڵ هەموو ئەو کاراکتەرانەی کە لە پڕۆگرامەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری دژی پەنابەرانی سوری کاریان کردووە. دۆزینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە پێویستە کاری زیاتر بکرێت بۆ پەنابەرانی سوری لەدەرەوەی کەمپەکاندا کە زیاتر ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە و بە ئاستەم دەستنیشان دەکرێن. بەرزکردنەوەی تواناکان و بەشدارییپێکردنی حکومەت لە کارە پێشینەییەکانن، هەروەها بەشدارییپێکردنی پیاوان و کوڕان. هەروەها پرۆگرامەکانی ڕووبەڕوبونەوەی توندوتیژی جێندەری پێویستە لە کۆکردنەوەی زانیاری تێپەڕبکات و زیاتر گرنگی بدات بە خولەکانی ڕاهێنان و بەرنامەکانی گوزەران.


**ئەم ڕاپۆرتە پێشنیار دەکات:**

- ئەنجامدانی پڕۆژەکانی گوزەران و دۆزینەوەی هەلی کار لەگەڵ پڕۆگرامەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری.
- بەشدارییپێکردنی پیاوان و کوڕان لە پڕۆژەکانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی جێندەری. نەک تەنها بەشدارییپێکردن، بەڵکو دڵنیابوون لەوەی کە ئەوانیش پارێزراون.
- کارکردنی زیاتر لەگەڵ قوربانیانی توندوتیژی جێندەری لەدەرەوەی کەمپەکان چونکە ژمارەیەکی زیاتری پەنابەرانی سوری لە دەرەوی کەمپەکان نیشتەجێن.
- ئاسانکاری زیاتر بۆ شێڵتەرەکان بۆ قوربانیانی توندوتیژیەکان و کەمکردنەوەی ڕێگریەکانی بەردەم ژنانی سوری بۆ چونەناو شێڵتەرەکان.
- بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگای خانەخوێ لە سێشنەکانی هۆشیارکردنەوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی توندوتیژی جێندەری دژی پەنابەرانی سوری و دروستکردنی تێکەڵی کۆمەلایەتی لەنێوان خەڵکانی خانەخوێ و سوریەکان.


**سەنتەری سیسفایەر بۆ مافە مەدەنیەکان**

54 Commercial Street, London E1 6LT, United Kingdom www.ceasefire.org



ئەم ڕاپۆرتە بە هاوکاری دارایی (صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان) ئامادەکراوە. ناوەرۆکەکانی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بەرپرسیارێتی لایەنی بلاوکەرەوەیە و ناکرێت لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا بە رەنگدانەوەی پێگەی صندوقی ئەمینداریێتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان هەژمار بکرێت.


UNITED NATIONS TRUST FUND TO END VIOLENCE AGAINST WOMEN